# شانشینی توروککو
## له سەردەمی 'زازییا'دا

(ئەزموونی دامەزرانو پەلهاوێشتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە مێژووی دێرینی کوردستاندا)

د. کۆزاد محەمەد ئەحمەد*

مەسەلەی "دەوڵەتی کوردی" لە ماوەی ساڵ و شتێکی پێشوودا زۆر خرایە ناو ناوان و باسوخواسی لەبارەوە کرا و چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسران و لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراونەوە. کەم بوون ئەو بابەتانەی وا ئەزموونەکانی ڕابوردوویان لەبەرچاو گرت و زۆر کەمتریش بوون ئەوانەی وا تەماشای مێژووی کۆنیان کرد، مێژووی سەردەمانی پێش ئیسلام و پێش زایین. ئەوانە سەردەمانێکی زۆر دوورودرێژن کە زۆر میللەت و نەتەوەی تر مێژوویەکیان تێدا لەسەر خاکی کوردستان بەڕێ کردووە و زۆریان، کەم تا زۆر، لە بەدیهاتنی نەتەوەی کورد و پێکهێنانی ناسنامەکەیدا بەشدارن. لەمەش گرنگتر، ئەوان لەسەر هەمان ئەم خاکەی کوردستان ژیاون و -تا ڕادەیەکی زۆر- لە هەمان بارودۆخی جیۆپۆلیتیکی و نەژادی و سیاسیدا کە ئەمڕۆ کوردستان تێیدایە، خۆیان بینیوەتەوە. ئەوساش وەك ئێستا بە چەندین هێز دەورە درابوون و هەریەك لەو هێزانەش، ئیتر دەوڵەت بووبێ، یا میرنشین، یا هۆزێکی بەهێز یان یەکێتییەکی هۆزایەتی، وەك هەر سەردەمێکی تری مێژوو گەمەی سیاسیی خۆی کردووە بۆ بەدەستهێنانی هێز و دەستەڵاتی زیاتر، بۆ فراوانکرنی قەڵەمڕەوی، بۆ تاڵانی و دەستکەوتی ماددی یا تەنانەت بۆ خۆقایمکردن و خۆپاراستن. ئەم گەمە سیاسییەش -بێگومان- بەیەکداچوون و تێکەڵبوون و یەکانگیریی بەرژەوەندە جیاوازەکانی ئەم هێزانەی لێ دەکەوێتەوە و ئەنجامەکەی ئەوەیە کە هەر هێزێك لەو ناوەندەدا، هەندێك هێز دەبنە دوژمنی و هەندێکی تر دەبنە دۆستی. دۆستایەتییەك کە ترس لە دوژمنێکی تر یا هەوڵ بۆ لەوناوبردنی هێزێکی تر یان بەرژەوەندێکی کاتی یا درێژخایەن، بەڵام هەتاهەتایی نا، دەیسەپێنێ. هەمان ئەم وتەیە بۆ بەشێکی زۆری دوژمنایەتیەکانیش ڕاستە. ئەم گەمەی ئەمبەر و ئەوبەرە، نە زادەی سیاسەتی ئەمڕۆیە و نە داهێنانی سیاسییەکانیشیەتی. یەکێك لە باشترین نموونەکانی گەمەی لەم جۆرە لە مێژووی کۆندا لە نامەکانی ئەرشیڤەکەی شاری ماریدا دەبینرێ کە سەردەمی بابلیی کۆن لەنێوان چەند هێزێکی گەورە و چەندین هێزی پچووکی تردا ئاڵوگۆڕ کراون و ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەن، بە چاك و خراپیانەوە، ڕاستگۆیی و دووڕوویی سیاسیەکانیان، دڵسۆزی و خیانەت، بەئەمەکی و هەلپەرستی، نەبەردی و ترسنۆکی، لەڕووداوەستان و بەناچاری ملکەچکردن و زۆری تر، هەمووی لەم ئەرشیڤە گەورە و دەوڵەمەندەدا دەبینرێتەوە.

ئەو سەردەمە هێزەکانی کوردستانی دێرینیش لەو گەمەیەدا چالاك بوون و لە هاوسەنگیی هێزدا ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە و حیسابی زۆریان بۆ کراوە، بۆیە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەم مێژووی دروستبوون و هەڵچوونی یەکێك لەو هێزانە بخەمە بەرچاو، دەرسە مێژوویی و جیۆسیاسیەکان، ئەزموونە دیپلۆماسیەکانی ئەو هێزە باس بکەم کە بۆ ئەمڕۆی ئێستاش دەرسی یەکجار گرنگ و بەبەهان. ئەو هێزە شانشینێك بوو کە 'زازییا'ی پادشای هۆزی 'توروککی' لە سەردەمی بابلیی کۆن (٢٠٠٤-١٥٩٥ پ.ز.)دا بنیاتی نا.

---

* کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان- زانکۆی سلێمانی.

## تورووككييەكان كێ بوون؟

تورووككييەكان، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە سەرچاوە مێخییەکانی ئەو سەردەمەدا هاتوون، هۆزێکی بە بنەچە خوری بوون. خورییەکان گەلێکی گەورە و بەهێز بوون، لە سەردەمانی زووەوە، بە لایەنی کەمەوە لە سەردەمی ئەکەدیی کۆنەوە (٢٣٣٤-٢٢٧٩ پ.ز.)، بە کۆچ و ڕەو هاتوونەتە کوردستان و لە ماوەی چەند سەدەیەکی کەمدا لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچانەدا کە ئێستا خاکی کوردستانی گەورەن، خەڵکانی خوریزمان و خوریناو لە سەرچاوەکاندا ناویان دێت. واتە لە ماوەیەکی کەمدا بە هەموو خاکی ئێستای کوردستانی گەورەدا بڵاو بوونەوە و چەندین شانشینیان دامەزراند و شاری گەورەی وەك 'ئورکێش'یان کە مۆرکی شارستانیانەی تایبەت بە خۆیان لە هەموو شوێنێکی تر باشتر تێدا دەبینرێ، ئاوەدان کردەوە. مێژووی خوریەکان و ڕۆڵی سیاسییان لە سەردەمانی هاتنیانەوە تا ئەو کاتەی بابەتی باسەکەمان قسەی لێوە دەکا، بۆ خۆی باسێکی دووورودرێژ و قووڵە، ئێرە جێی ئەو باسە نییە.[1]

## پێشینەی مێژوویی:

چەندین شانشین، نیوەی یەکەمی سەدەی ١٨ی پ.ز.، لە هەموو مێسۆپۆتامیادا دروست ببووبوون، دەشێ بڵێین زۆربەیان لە لایەن هۆزە ئامورییەکانەوە دامەزرێندرابوون. ئەم ئاموریانە هۆزی بیاباننشینی 'سامی' بوون، بە کۆچ و ڕەو، زۆربەی کاتیش بە زەبری چەك، خۆیان بە مێسۆپۆتامیادا کردبوو و لە زۆر شوێندا دامەزرابوون. بەم شێوەیە فشارێکی زۆریان خستبووە سەر ئیمپراتۆریی 'ئور' کە پێی دەوترێ ئیمپراتۆریی بنەماڵەی سێیەمی ئور (٢١١٢-٢٠٠٤ پ.ز.). ئەم فشارە و فشاری خورییەکان و سیماشکییەکان لە زاگرۆس و عیلامییەکان –لە کۆتاییدا– هەرەسی بە ئیمپراتۆریی ئور هێنا و ئەم هەموو دەوڵەتۆکە و میرنشینە لە جێیدا دامەزران، بە شێوەیەك کە باشوور و ناوەڕاست و زۆر بەشی باکووری مێسۆپۆتامیاش بەدەست ئەم ئاموریانەوە بوون. ئەو کاتە چەندین هێز لە کوردستان هەبوون، هەندێکیان خوری بوون، لە هەموویان گرنگتر 'سیموورروم'یا 'شیموورروم' بوو لە ناوچەکانی کفری و سەر سیروان، هەندێکی تریشیان گەل و نەتەوە دێرینەکانی تر بوون، وەك گوتییەکان و لوللوبییەکان و سوبارییەکان و هیی تر. ئاموورییەکان هەوڵیان دا بێنە خاکی کوردستانیشەوە، بەڵام 'ئیددین-سین'ی پادشای سیموورروم توانیی بیانگێڕێتەوە دواوە. لە باکوور، لە ناوچەی زێی خواروو، هێزێکی تری وەك سیموورروم نەبوو بەرەنگاریان بێتەوە، بۆیە توانییان بچنە ئەو ناوچەیە، خۆیان لەوێ جێگیر بکەن و شانشینی 'ئەخازوم' دابمەزرێنن کە پایتەختەکەی شیکشاببوم بوو لە 'تەقتەق'ی ئێستا یا دەوروبەری. خورییەکانی تر لە ناوچەکانی تری ناوەوەی کوردستان شانشین و میرنشینی خۆیان هەبوو. یەکێك لە شانشینە خورییەکانی تری ئەو دەمە، شانشینێك بوو بە ناوی 'ئیتابالخوم'ەوە[2] کە زۆر پێدەچێ لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێ چەقی بەستبێ. تا ئێستا نازانین سنووری قەڵەمڕەوی ئیتابالخوم چەند بووە و تا کوێ

[1] بۆ ئەوانەی وا دەیانەوێ ئەم مێژووە بخوێننەوە، دەتوانن تەماشای نامەی دکتۆرای نووسەر بکەن کە بەدرێژی ئەم بابەتەی تێدا کۆڵراوەتەوە و تازەترین زانیاری و دوایین لێکۆڵینەوەکانی تری تێدا ڕەچاو کراون، بڕوانە:

Kozad Mohamed Ahmed, *The Beginnings of Ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC), A Historical and Cultural Synthesis,* Leiden, 2012.

زۆرێك لە زانیاریەکانی ئەم بابەتە لە بەشی حەوتەمی ئەم نامەیەدا هەن، لێرەدا زانیاریەکان وەر گیراون و بە شێوە و جۆرێکی تر و بۆ مەبەستێکی تر بەکار هاتوونەتەوە و لێکدانەوە و ئەنجامگیریی تریان بۆ کراوە.

[2] ناوی ئیتابالخوم شێوە ئەکەدییەکەیەتی، واتە ئەو شێوەیەی کە لە دەقە ئەکەدییزمانەکاندا نووسراوە. '...وم'ی کۆتاییەکەی پاشگری ئەکەدییە بەرامبەر بە "تنوین"ی عەرەبی. 'خ'یەکەمشی پاشگرێکی خورییە. ناوەکە لە دەقی خوریدا بە 'ئیتاپال' هاتووە. شایانی باسە، ئەم پاشگرە ئەکەدییەی وا باس کرا، لە زۆر ناوی تریشدا دەبینرێ کە لەم بابەتەدا ئاماژەیان پێ دەکرێ.

پەلی کێشاوە، بەڵام دەزانین پادشاکەی لە سەدەی ١٨هەمینی پێش زایندا ناوی 'پیشێندێن' بووە، پایتەختەکەی شاری 'کونشوم' و چەندین شار و ناوچەی تری لەژێر دەستدا بووە. یەکێك لەو ناوچانەی وا سەر بە ئیتابالخوم بووە، وڵاتی 'ئوتوم' بووە لە دەشتی ڕانیە و بیتوێن، لەوێ 'کو-واری' بە فەرمانڕەوای دانراوە. 'کو-واری' لە شاری 'شوشەڕرا' دانیشتووە کە ئێستا گردی شمشارەی پێ دەوترێ و لەوێوە وڵاتی ئوتومی بەڕێوە بردووە. لەم کاتەدا گوتییەکان زۆر بەهێز بوون و هەڕەشەیان لە شانشینی ئیتابالخوم کردووە و ویستوویانە داگیری بکەن. 'ئێندوششێ'ی پادشای گوتی سێ ساڵ بوو گەمارۆی ئیتابالخومی دابوو و نەیدەهێشت بەروبوومی دانەوێڵەی پێ بگا و بیدروێتەوە، سێ ساڵ بوو لەسەر یەك دانەوێڵەکەی دەسووتاندن و بەم شێوەیە پایتەختی برسی کردبوو. بۆیە پیشێندێن هاوپەیمانییەکی پێکەوە نا بۆ پەلاماردانی گوتییەکان و شکاندنی ئەو ئابڵووقەیە. هاوپەیمانییەکە هەندێك لە دۆستەکانیی تێدا بوون و هەندێکی تریان لەوانە بوون کە سەر بە قەڵەمڕەوی ئیتابالخوم بوون. نامەیەك ناوی ئەم وڵات و شارانەی تێدا هاتوون کە لە هاوپەیمانییەکەدا بوون: 'ئیلالائێ'، 'کوسانارخوم'، 'شودامێلوم'، 'زوتلوم' و هیی تر. ئەخازومیش، هەرچەندە فەرمانڕەواکانی خوری نەبوون و کۆچهێنی ئاموری بوون، لە دێرزەمانەوە پێوەندیی باشی لەگەڵ ئیتابالخوم و بنەماڵە فەرمانڕەواکەیدا هەبوە و ئەم سەردەمەش سەر بە پیشێندێن بووە، چونکە زاراوەی باوك- کوڕ لە نامەکەی پیشێندێندا بۆ 'یاشوب-ئەددو'ی فەرمانڕەوای ئەخازوم بەکار هێنراوە، کە لە زمانی دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا بۆ پێوەندیی سەردەستە- ژێردەستە بەکار هاتووە.[3] پیشێندێن لە نامەکەیدا بەم جۆرەی نووسیوە:

**پیشێندێن بۆ یاشوب-ئەددو (No. 67 = SH 816)[4]**

.... ئەگەر تۆ بە ڕاستی کوڕی منی، نابێ ئەم شمەکانە بفەوتێن. (بۆ دروستکردنی) چەك پێویستم بە مس و تۆتیاکە هەیە. بە هەر شێوەیەك بێ بیانگەیێنە دەستم. نابێ ئەم شمەکانە بفەوتێن![5]

ئیتابالخوم پێوەندیی بە عیلامیشەوە کرد بۆ داوای کۆمەکی سەربازی، پادشای عیلامیش لەشکری بۆ ئەم مەبەستە خستە ڕێ، بەڵام ئێندوششێ زووتر، لەوانەیە پێش گەیشتنی لەشکری عیلامیش، هاتە دەست و دەستی خۆی وەشاند، هەموو هاوپەیمانەکانی شکاند. لەشکری ئیتابالخوم و هاوپەیمانەکانی کە برسێتی بڕستی لێ بڕیبوون، پرش و بڵاو بوونەوە. کو-واری تەنیابالْ مایەوە بەرامبەر بە مەترسیی ئێندوششێ گوتی کە

[3] بۆ پێوەندیی نێوان دوو لایەنی هاوتاش زاراوەی برا- برا بەکار دەهات.

[4] لە دەقە مێخییە وەرگێڕدراوەکاندا وشە و بڕگە و ناو و جێناوی نێوان دوو کەوانەی ( ) مانای وایە ئەم وشە و بڕگە و ناو و جێناوانە بۆ تەواوکردنی واتای ڕستەکە لەلایەن وەرگێڕەکانەوە دانراون. وشە و بڕگە و جێناوی نێوان دوو کەوانەی [ ] وشە و بڕگە و ناو و جێناون کە لە دەقەکەدا هەبوون، بەڵام ئێستا شکاون و نەماون، یا لەڕێی دەقی دووبارەی ترەوە، یا لە دووبارەوبوونەوەی ڕستەکە یان بەشێکیدا لە هەمان دەقدا توانراوە پڕ بکرێنەوە، یا توانراوە بەهۆی ڕێزمانی دەقەکەوە ئەو بەشە شکاوە پڕ بکرێتەوە. یەك Xیان زیاتر لەنێوان دوو کەوانەی [X X]دا ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو نیشانە مێخییانەی کە لە دەقەکەدا شکاون. ژمارەیان زانراوە، بەڵام نازانرێ چین. چەند خاڵێك لەنێوان دوو کەوانەی [...]دا، مانای وایە نووسینەکە لەو شوێنەدا شکاوە و ناشزانرێ چەند نیشانە شکاون.

[5] 30) *šu[m-m]a i-na ki-na-t[im] ma-ri* 31) *[a]t-ta i-nu-tum š[i]-i* 32) *[l]a i-‹a-li-iq a-na-k[am]* 33) *ù we-ri-am ‹a-aš-°‹a¿-ku'* 34) *a-na ka-ak-ki [a]r-‹i-°iš¿* 35) *li-ša-a‹-mì-#[ú]-nim-[ma]* 36) *[ù i]-nu-tum ši-°i¿ [l]a i-‹a-li-iq*, Eidem, J. and Læssøe, *The Shemshara Archives I, The Letters,* Copenhagen, 2001, p. 140-1 (no. 67 = SH 816).

گومانی تێدا نەبوو پاش ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بەرەو هەرێمی دەوڵەمەندی ئوتومیش دەکەوتە ڕێ تا ئەوێش بگرێ و بەتەواوی بەری سەرکەوتنەکەی بچنێتەوە. با جارێ ئەمە لێرەدا بوەستێ و بچینە لایەکی تر. لەم کاتەدا پادشایەکی چالاکی ئاموری لە باکووری مێسۆپۆتامیا لە لوتکەی هێز و برەوی فراوانخوازییدا بوو، ناوی شەمشی–ئەدەد بوو. شەمشی–ئەدەدی یەکەم شانشینێکی لە باکوور دامەزراندبوو کە پایتەختەکەی لە 'شوبات–ئێنلیل' بوو لە باکوری سووریای ئێستا، بەڵام لە سایەی هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ شانشینی ئێشنونندا لە ناوچەی دیالە، بە هاوکاریی سەربازیی ئەم دووانە، شەمشی–ئەدەد ئەڕڕاپخا (کەرکووکی ئێستا) و قابرا (لە دەوروبەری پردێ)ی داگیر کرد. ترسی ئەوەش هەبوو ئەخازوم بگرێ و بەرەو ئوتوم بێتە پێش و داگیریان بکا. ئێستا بگەڕێینەوە لای کو–واری، لەنێوان ئەم دوو بەرداشەدا گیری خواردبوو، یا ئەوەبوو خۆی بخاتە ژێر ڕەحمەتی دوژمنە سەرسەختەکەیەوە کە ئێندوششێ بوو، یان خۆی لە چوونە ژێر باڵی شەمشی–ئەدەددا دەستپێشخەر بێ بۆ ئەوەی دانوستان لەسەر مەرجەکانی ئەم ژێردەستەیییە بکا و شتێك بۆ خۆی بهێڵێتەوە؛ دووەمیانی هەڵبژارد و هەرواش بوو، هەر لە هەمان ساڵی ١٧٨٠ یا ١٧٨١ پ.ز.دا کو–واری و گەورەپیاوانی ئوتوم بۆ ئەم مەبەستە سەروەریی شەمشی–ئەدەدیان قبووڵ کرد. شەمشی–ئەدەد کو–واریی لە شوێن و پۆستەکەیدا هێشتەوە و ڕادەیەکی زۆر لە سەربەخۆییشی پێ بەخشی؛ لەمانەش گرنگتر، خۆی و وڵاتەکەیی لە مەترسیی گوتییەکان پاراست. بەڵام سەرئێشە بەمە کۆتایی نەهات، کو–واری و وڵاتەکەی تووشی چەرمەسەری و گرفتی زۆری تر هاتن، ئێرە شوێنی باسکردنی نییە.[6] ئەوەندە بەسە

[6] بۆ درێژەی بەسەرهاتەکان و تەواوی وردەکارییە زانراوەکانی و شیکردنەوەی ڕووداوەکان، بڕوانە بەشی شەشەمی هەمان سەرچاوە:
Kozad M. Ahmed, *The Beginnings of* …

لێرەدا بڵێین پاش چەند مانگێك ڕاپەڕینێك لە دژی کو–واری و شەمشی–ئەدەدی سەروەری بەرپا بوو. ڕابەرانی ڕاپەڕینەکە لیدایا و زازییا بوون کە لە پەنابەرە تورووککییەکان بوون و پاش تێکشکانی هاوپەیمانێتییەکەی ئێندوششێ بەرەو ئوتوم هەڵاتبوون. هێزەکانی شەمشی–ئەدەد لە ئوتوم دەر کران، شاری شوشەڕرا گیرا و کۆشکەکەی سووتێنرا، کو–واریش دیار نەما، نازانرێ چارەنووسی چیی بەسەر هات. هەروەك ڕاپەڕینەکەی ١٩٩١ ز.، ڕاپەڕین لە هەمان ناوچەی ڕانیەوە دەستی پێکرد و لەوێوە بۆ ناوچەکانی تر تەشەنەی سەند. ئیتر لەشکری شەمشی–ئەدەد خۆی بۆ ڕانەگیرا و پاشەکشەی لە وڵاتەکە کرد. پێشتر شەمشی–ئەدەد ژمارەیەك تورووککیی لە ئوتومەوە بۆ ناوچەی خابوور لە کوردستانی سووریا گواستبوەوە، بە بیانووی ئەوەی کە گیروگرفت بۆ کو–واری دروست دەکەن و کو–واری بۆی بەخێو ناکرێن، بەڵام ئەمانیش، بە بیستنی ڕاپەڕینەکە و شکانی شەمشی–ئەدەد ڕاپەڕین. تا ئێستا مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە ڕاپەڕینی تورووککییەکان لە خابوور کاری ئەو ڕاگوێزراوانە بووە، بەڵام فراوانی و گەورەییی ڕاپەڕینەکە و ژمارەی زۆر و زەبەندی بەشداران ئاماژە بۆ شتێکی تر دەکەن، ژمارەی ڕاگوێزراوەکان هەرچەند بووبێ، ناکرێ لە توانایییاندا بووبێ ئەو ڕاپەڕینە بەرفراوانە هەڵبسووڕێنن و ئەو ژمارە گەورەیەی جەنگاوەران فەراهەم بکەن. بە بڕوای نووسور، شەمشی–ئەدەد و داروەدەستەکەی لەم کاتەدا بە هەموو خورییەکانیان وتووە تورووککی، چونکە ناوچەی خابوور لە سەردەمانی زۆر زووەوە وڵاتێکی خوریینشین بووە و تورووککییە خورییەکانیش کە چوونەتە ئەوێ و ڕاپەڕینەکەیان بەرپا کردووە، بێگومان خورییەکانی ئەوێش چوونەتە پاڵیان و ناوی ئەمان بەسەر ئەوانیشدا دابڕاوە.[7] نموونەیەکی باش لەسەر

[7] ئەم بابەتە لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا بەدرێژی باسی کراوە و لێی کۆڵراوەتەوە.

چوونەپاڵی خورییەکانی خابوور و چیاکانی باکووری خابوور، 'ئەدەل-شێنی'ی فەرمانڕەوای 'بورووندوم'ە کە سەرچاوەکان باسی گەڕانەوەی دەکەن بۆ شارەکەی خۆی پاش ڕاگرتنی ڕاپەڕینەکە.[8] بەهۆی ئەم ڕۆڵەشیەوە هەردوو دوژمنەکەی ئاشورییەکان، ماری و یەمخەد (شانشینی حەڵەب) بوونە هاوپەیمانی ئەدەل-شێنی.

ڕاپەڕینەکە بەهێزو کاریگەر بوو، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئاشورییەکان (شەمشی-ئەدەد د[9] و ئیشمیێ-داگا ن[10] ی کوڕی) هەوڵی ئاشتی و هێورکردنەوەیان دەدا، بەڵام وا دیارە توروککییەکان لە بەرژەوەندیاندا نەبوە. ئەمانەمان لە نامەیەکی ئیشمیێ-داگاندا بۆ دەر دەکەوێ کە بۆ یەسمەخ-ئەددوی برایی ناردووە. یەسمەخ-ئەددو لەلایەن باوکییەوە بە فەرمانڕەوای شاری ماری دانرابوو و بە وردی ئاگارداری هەواڵەکانی باوکی و براکەی بوو. نامەکە ئەوە دەر دەخا کە توروککییەکان توانایی دەستپێشخەرییان هەبوو و مەرجی خۆیان دەسەپاند، نەك بە پێچەوانەوە:

**ئیشمیێ-داگان بۆ یەسمەخ-ئەددو (*ARM* 4, 22)**

سەبارەت بە هەواڵی توروککییەکان کە لەبارەیەوە بۆت نووسیوم، هەر جارە و هەواڵێکیان دێت بۆیە ناتوانم شتێکی ڕاست[ـت] بۆ بنووسم. مەرجەکانیان بۆ ئاشتی ئێستا نارەحەت بوون. ئەوان (بۆ بارمتە) داوای یانتاکان و لو-نینسیاننا و واتیر-نانوم و کەسانی پلەبەرزی (تر) دەکەن. ئەمجا بۆیان نووسیوم (دەڵێن): مادام ئەم بارمتانەمان نادەیتێ، سبەی یا دوو سبەی هەر کوێمان بوێ دەچینە ناوی. کێ دەزانێ، ئایا لەوێ دەمێننەوە یا دەچنە ئەو شوێنەی وا دەیانەوێ؟[11]

بەڵام زۆری نەخایاند ڕاپەڕینەکە بە هۆیەکی ترەوە لە ترۆپکی سەرکەوتنەکانیدا ڕاوەستێنرا. لەم کاتەدا گوتییەکان لە ڕۆژهەڵات هێرشیان کردە سەر توروککییەکان و ئەمەش ناچاری کردن ڕاپەڕینەکەیان خامۆش بکەنەوە و هەوڵی ڕاگرتنی هێرشی گوتییەکان بدەن. دیار نییە، ئاخۆ گوتییەکان هەلی سەرقاڵبوونی توروککیەکانیان بە ڕاپەڕینەوە قۆزتووەتەوە و پەلاماریان داون، یان ئەمە بە فیتی شەمشی-ئەدەد بووە بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر خۆی. هیواداریین دۆزینەوەی بەڵگەی نووسراو لە داهاتوودا ئەمەمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

**<u>دەرکەوتنی زازییا:</u>**

لە ڕاپەڕینەکەی ئوتوم و دەرپەڕاندنی ئاشورییەکان و کو-واریدا، زازییا و لیدایا ڕابەر بوون. لیدایا پاشتر بەبێ دەنگی دیار نەما و ئیتر لە

[8] Van Koppen, F., "L'expédition à Tilmun et la révolte des bédouins," *Mari Annales de Recherches Interdiciplinaires (MARI)* 8, Paris, 1997, p. 426.

[9] شەمشی-ئەدەد ناوی پادشای ئاشورییەکان بووە، واتای ناوەکە ((خواوەند ئەدەد خۆری منە)) دەبەخشێ. ئەدەد خواوەندی برووسکە و ڕەشەبا و باران بووە.

[10] ئیشمیێ-داگان واتای ((خواوەند داگان (دوعاو نزای) بیست)) دەبەخشێ.

[11] 5) *aš-šum #$e_4$-em* LÚ *Tu-ru-ki-i* 6) *ša ta-aš-pu-ra-am* 7) *#$e_4$-em-šu-nu it-ta-na-ki-ir* 8) *i-na ki-a-am a-di i-na-an-na* 9) *ta-ki-it-t[am]* 10) *ú-ul a-ša-ap-pa-[ra-kum]* 11) *a-wa-ti-šu-[nu]* 12) *ša a-na sa-li-mi-[im]* 13) *%a-ab-t[u]* 14) *it-ta-at-la-[ka]* 15) m*Ia-an-ta-ki-i[m]* 16) LÚ.ƒNIN.$SI_4$.AN.NA 17) m*Wa-ti-ir-Na-nam* 18) *ù* LÚ.MEŠ *ra-ab-bu-tim-ma* 19) *i-‹a-ku-ú ù ki-a-am iš-pu-ru-nim* 20) *um-ma-mi iš-tu li-#ì an-nu-tim* 21) *la ta-na-di-nam* 22) *ur-ra-am ú-lú ul-liti-iš* 23) *a-šar at-lu-ki-im ni-it-ta-la-ak* 24) *aš-ra-nu-um li-iš-bu-[nim-ma]* 25) *ù a-šar at-lu-ki-im* 26) *[l]i-it-ta-al-[ku]* 27) *[ma-an]-°nu¿lu i-[de]*, Wu Yuhong, *A Political History of Eshnunna, Mari and Assyria during the Early Old Babylonian Period,* Changchun, 1994, p. 232.
پرکردنەوەی شکاوی و ڕاستکردنەوەی دێڕەکانی ٥ و ١٤ و ١٦ و ٢٤ و ٢٧ هیی دیورانن لە:
Durand, J.-M., *Les documents épistolaires du palais de Mari (LAPO),* vol. II, Paris, 1998, p. 93.

هیچ سەرچاوەیەکدا ناوی نایێ، بەڵام زازییا هەر ما، پاشانیش، ١٥ ساڵێك پاش ڕاپەڕین لە بەڵگەنامە نووسراوەکاندا وەك پادشای ئیتابالخوم ناوی دێ. بەڵام پێدەچێ زووتر لەمەش بووبێتە پادشا، چونکە نامەیەکی ماری کە لە دووەم ساڵی فەرمانڕەواییی زیمری–لیم[١٢] ی پادشای ماریدا نووسراوە، تێیدا هاتووە زازییا چەندین ساڵ پێشتر لە ئیتابالخوم پادشا بووە. نامەکە ئەوەش باس دەکا کە زیمری–لیم لە ساڵانی زوودا –کە شانشینەکەی یەکێك لە چوار هێزە گەورەکەی مێسۆپۆتامیا بووە– هەوڵی داوە دڵی زازییا بە زێڕ و زیو ڕابگرێ، بەڵام بێهوودە بووە. نامەکە ئەشقودوم ناوێکی بەردەستی زیمری–لیم ناردوویە و دەڵێت:

**ئەشقودوم بۆ زیمری–لیم (*ARM* 26, 27)**

سەبارەت بە مەسەلەی زازییاش [.....]، سەروەرم[١٣] تێدەگا کە خواوەند داگان سەرکردایەتیی [لەشکر]ی گرتووەتە دەست و وڵاتەکەی، هەر هەمووی، داوەتە دەست سەروەرم. زازییا، کە لە ڕابوردوودا سەروەرم زیو و زێڕی بۆ نارد و هێشتا هەر ناڕازیش بوو، ئێستا خواوەند داگان وتەی باشی خستووەتە نێوان[١٤] سەروەرم و زازییاوە.[١٥]

لە پارچەی نامەیەکی تردا کە هەردوو ناوی نامەنێر و نامەبۆنێردراوی لەسەر نەماوە، تەختی شاهانەی ماری بە تەختی شاهانەی ئیتابالخوم بەراورد کراوە و وتراوە:

**؟؟ بۆ ؟؟ (M. 13034)**

تەختی ئەو لە تەختی ئیتابالخوم شکۆمەندترە.[١٦]

ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە زازییا –هیچ نەبێ– چەند ساڵێك پێش هاتنە سەر تەختی زیمری–لیمیش لە ١٧٧٥ پ.ز.دا هەر دەستەڵاتدار و پادشا بووە. هەرچۆنێك بێ، لەپاش ڕاپەڕینەکەوە دەستەڵاتی زازییا زیاتر بوو و مەودای دەستڕۆیشتوویی فراوانتر بوو. دەرپەڕاندنی هێزەکانی شەمشی–ئەدەد و ئیشمێ–داگانی کوڕی لە ئوتوم و ناوچەکانی تر پاڵنەرێکی گرنگ بوو بۆ بەردەوامبوون و برەودان بە جموجووڵی سەربازییان لە دژی ئاشوورییەکان، تەنانەت لەو ناوچانەشدا کە پێشتر ناوچەی خوری نەبوون. لێرەدا بیر بۆ ئەوە دەچێ کە ئەم فراوانبوون و پەلهاوێشتنە بۆ بەرزبوونەوەی ورەی توروککییەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی پاش بینینی پاشەکشە و دۆڕانی ئاشوورییەکان. بەڵام دەشێ ئەمە تا ڕادەیەك ڕاست بێ و هەموو ڕاستییەکە نەبێ، چونکە دەبێ بیر لە ڕێسای بۆشایی پڕکردنەوەش بکەینەوە، ئەو بۆشایییەی کە پاش ئەو پاشەکشەیە دروست بوو و ئەو لاوازییەی

---

[12] ئەو سەردەمە مێژوو بە ساڵانی فەرمانڕەواییی پادشایان دیاری دەکرا. هەروەك لێرەدا هاتووە، دووەمین ساڵی فەرمانڕەواییی زیمری–لیم دەکاتە ١٧٧٤ یا ١٧٧٣ پ.ز. هۆی ئەوەش کە لەم باسەدا زۆر ئەم جۆرە مێژوو دیاریکردنە بەکار دەهێنین، ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری ئەم نامانەی وا لێرەدا بەکاریان دەهێنین و ئاماژەیان بۆ دەکەین، ئەوانەن کە لە ئەرشیڤەکەی شاری ماریدا دۆزراونەتەوە و ئەم شارەش پایتەختی شانشینەکە بووە کە زیمری–لیم پادشای بووە. ئەوان لەوێ ئەم جۆرە مێژووەیان بەکار هێناوە. هەر بۆیەشە دەبینین زۆربەی نامەکان بۆ زیمری–لیم نێردراون. ئەمانە نامە و ڕاپۆرت بوون، دارودەستە و سیخوڕ و باڵیۆزەکانی زیمری–لیم، کە لە زۆر شوێنی ناوچەکەدا بڵاو کرابوونەوە، بۆ پادشای خۆیانیان دەنارد و لە هەموو شتێك ئاگاداریان دەکردەوە.

[13] واتە زیمری–لیم.

[14] لە نامەکەدا بەم شێوەیە هاتووە و مەبەستی لەوەیە کە پێوەندییان باشە.

[15] Durand, J.-M., Archives épistolaires de Mari, I/1, *ARM* 26/1, Paris, 1988, no. 27, p. 158; Heimpel, W., *Letters to the king of Mari,* Winona Lake, 2003, p. 192.

[16] G̃IŠ.GU.ZA-*šu* *e-li* G̃IŠ.GU.ZA *ša* *I-ta-pa-al-‹i-im* *e-le-e-et*, Charpin, D., "Donnée nouvelles sur la chronologie des souverains d'Ešnunna," *Miscellanea Babylonica, mélanges offerts a Maurice Birot,* ed. J.-M. Durand et J.-R. Kupper, Paris, 1985, p. 63, note 94.

(بە ئاماژە بۆ وتەیەکی زارەکیی دیوران)

ئاشوورییەکانی گرتەوە. بێگومان ئەویش لە سەرێکی ترەوە پاڵنەرێکی تر بووە بۆ تورووککییەکان تا بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە و لاوازییەکەی بەرامبەر بە قازانجی خۆیان بەکار بهێنن.

شەمشی–ئەدەد لە دەوروبەری ١٧٧٦ پ. ز.دا مرد و ئیشمیّ–داگان لە 'شوبات–ئێنلیل'ی پایتەخت دەرپەڕێنرا. شاری 'ماری'ش لەدەست چوو، ئەوەبوو زیمری–لیم یەسمەخ–ئەددوی وەدەر نا و چووەوە سەر تەختی باوانی (١٧٧٥ پ.ز.). لە ناوچەی 'سوخوم'ی سەر فورات، بیابانگەڕانی ئەوێش لە دژی ئاشوورییەکان ڕاپەڕین. ئەمانە هەموویان بوونە هۆی ئەو لاوازییەی وا بەرۆکی ئاشوورییەکانی گرتەوە و هاوکاتی ڕاپەڕینی تورووککییەکان بوو.

## بەهێزبوونی زازییا و فراوانکردنی شانشینەکەی:

پێدەچێ لەم کاتانەدا زازییا دەستەڵاتی بەسەر بەشی زۆری دەشتاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا شکابێ و زۆربەی هەرەزۆریی لەژێر دەستی ئاشوورییەکان دەرهێنابێ، یا هیچ نەبێ یارمەتیی هێزەکانی تری کوردستانی دێرینی دابێ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ئەوەتا ئیتر شاری قابرای سەر بە ئیشمیّ–داگان لەسەر زێی خواروو نەمابوو، بەڵکوو فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆی 'ئاردیگاندی' ناوی هەبوو. ئەم ناوە لە شێوەیدا زۆر لە ناوی 'بێردیگێندائێ' دەچێ کە یەکێك بوو لە گەورەپیاوانی هاوپەیمانییەکەی پیشێندێن –پێشتر باسی کرا–، بۆیە پێدەچێ ئەم ئاردیگاندییەش کەسێکی بە بنەچە خەڵکی ناوچەی چیاکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بووبێ، واتە لە بنەماڵەیەکی خۆماڵی بووبێ، نەك بێگانە. شار و ناوچەی ئەڕڕاپخاش لەم ماوەیەدا لە دەستەڵاتی ئاشوری ڕزگار بووبوو، ڕەنگە پێش ڕزگاربوونی قابراش، چونکە قابرا لەسەر ڕێگای ئەڕڕاپخا بوو لە 'ئێکەللاتوم'ی پایتەختی ڕۆژهەڵاتی شانشینەکەی شەمشی–ئەدەدەوە.[17] بە هەمان شێوە، دەبێ 'نورروگوم' و 'شێر–وونوم'یش لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری نینەوا، ئەوانیش لەم کاتانەدا ڕزگار بووبێتن، چونکە دەبینین نورروگوم لەم کاتانەدا فەرمانڕەوایەکی تری هەیە بە ناوێکی خورییەوە، نەك ئاشوری یان ئاموری.

لەم قۆناغە بەدواوە زازییا توانیی دەست بنێتە بینەقاقای ئیشمیّ–داگان و شانشینەکەیەوە و بەرەو دارمانی ببا. بە لێسەندنەوەی دەشتاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە، کە بەیەکەوە لەگەڵ دەشتەکانی خابووردا گرنگترین و دەوڵەمەندترین زەویی کشتوکاڵی بوون بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە بۆ شانشینی ئاشوورییەکان، ئیتر دەوڵەتی ئاشوری کەوتە مەترسیی برسیبوون و لاوازبوونەوە، چونکە لە هەمان کاتدا، لەولاش، لە بەشی زۆری دەشتاییەکانی خابووریش دەر کرابوون و پایتەختەکەی ئەولایان، شوبات–ئێنلیل، بەدەست 'تاریم–ناتکو' ناوێکەوە بوو.[18]

لاوازبوونی ئاشوورییەکان ئەوەی بەدوادا هات کە هێزی تورووککییەکان لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و تەنانەت بەشێکی ڕۆژئاوای دیجلەش جێیان بگرنەوە. ئەمەش بووە هۆی لێکگیربوونی بەرژەوەندەکانی تورووککیەکان لەگەڵ گەورەهێزێکی

---

[17] تا ئەو کاتەی شانشینەکەی شەمشی–ئەدەد لە ترۆپکی هێز و گەشەیدا بوو، شوبات–ئێنلیل دەشتاییەکانی خابوور پایتەختی بوو. شوبات–ئێنلیل ئێستا گردی 'لەیلان'ی پێ دەوترێ و چەندین ساڵە کنە و پشکنینی تێدا دەکرێ. کە پاش ڕاپەڕینەکەی تورووککییەکان لە خابوور، شوبات–ئێنلیلیان لەژێر دەست دەرهێنان، شەمشی–ئەدەد و ئیشمێ–داگانی کوڕی هاتن شاری ئێکەللاتومیان لە ڕۆژئاوای دیجلە، کەمێك لە باکووری شەرگاتی ئێستا، کردە پایتەخت. ئەم شارەیان تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە.

[18] ئەوەی کە شوبات–ئێنلیل بەدەست ئەم کەسەوە بووە، لە نامەیەکەوە دەر کەوتووە کە یەکێك لە داروەستەکەی زیمری–لیم ناردوویە و ناوی بردووە. بۆ ئەم نامەیە بڕوانە: Guichard, M., "Le Šubartum occidental à l'avènement de Zimrî-Lîm," *Florilegium Marianum* VI, Paris, 2002, p. 131 and 132.

تردا کە ئاشورییەکان پێشتر لە نێوانیاندا بوون. ئەم هێزە شانشینی ماری بوو کە لە سەردەمی بەهێزیی ئاشورییەکاندا، دوژمنایەتیی هاوبەشی تورووککی و ماری بۆ ئاشورییەکان، هەردوکیانی کردبووە دۆست و هەندێك جاریش هاوپەیمان. کۆمەڵێك شانشین و دەوڵەتی پچووك لە ڕۆژئاوای دیجلە هەبوون، هەندێکیان هاوپەیمانی 'زیمری-لیم'ی ماری و هەندێکی تریان هێشتا هاوپەیمانی ئاشورییەکان بوون. زازییا پلانێکی زۆر زیرەکانەی بۆ فراوانکردنی دەستەڵاتی لەوێ بەکار هێنا؛ لەجیاتیی ئەوەی پەنا بەرێتە بەر شەڕ و پەلامار و کردەوەی سەربازی، سیاسەت و فێڵی بەکار هێنا. پێوەندیی بە میر و پاشا هاوپەیمانەکانی زیمری-لیمەوە کرد و قسەی بۆ کردن. ئەو کاتە شانشینی ئێشنوننا لە ناوچەی دیالە هێزێکی کاریگەر بوو و زۆر جار هەڕەشە بوو بۆ ئەم دەوڵەتە پچووکانە. هەندێك جاریش پەلاماری دەدان و تالانی دەکردن. لە کاتی وادا دەبوو ماری، وەك براگەورەی ئەم دەوڵەتە پچووکانە لەسەریان هەڵی بدایە و بیپاراستنایە، بەڵام بە هەر هۆیەکەوە بووبێ، بۆی نەکراوە. زازییاش ئەمەی زۆر باش بەکار هێنا. خۆشبەختانە بۆ ئێستای ئێمە، زیمری-لیم فەرماندەیەکی سەربازیی 'یاسسی-داگان' ناوی هەبوە، لە کۆبوونەوەکەی زازییادا لەگەڵ ئەم پادشایانەدا ئامادە بووە و لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم کەینوبەینە بووە و هەمووی لە نامەیەکی دوورودرێژدا بە وردی بۆ زیمری-لیمی سەروەریی نووسیوە. لە بەشێکیدا قسەی زازییای بۆ ئەم پادشایانە وەك خۆی نووسیوەتەوە (وتەکانی نێوان دوو کەوانەی "....." قسەی زازییان) دەڵێت:

**یاسسی-داگان بۆ زیمری-لیم (A. 1025)**

((ئەمجا کوا ئەو زیمری-لیمەی ئێوە دەتانویست بیکەنە سەروەری خۆتان؟ لەکاتێکدا ئەو بە کەژاوە دەگەڕا، ئێوە بە پێ دوای کەوتبوون. ئەی بۆچی ئێستا نایێ فریاتان بکەوێ؟)) ئەمانە وتەکانی زازییان کە بە بونو-ئێشتار و خادنو-رابی و شەڕرووم-کیما-کالیما و زیمرییا و پادشایاذ(ی تری) وتن.[19]

شایانی باسە، لەکاتێکدا زازییا ئەمانی لەدژی زیمری-لیم هان دەدا، خۆی لەگەڵ ئێشنونادا ڕێك کەوتبوو کە هیچیان لەیەك نەدەن. ئەمەش هەر لە نامەکەدا هاتووە:

**یاسسی-داگان بۆ زیمری-لیم (A. 1025)**

بەڵام ئەوان پەی بە مەبەستەکانی ئەم پیاوە (= واتە زازییا) نابەن. وا دەزانی بە ڕاستیەتی، لەکاتێکدا هەمووی پیلان(ی شۆفارانە)ن. لەلای زازییا دەستیان کرد بە زەمی سەروەرم، بەبێ ئەوەی پەی بەوە بەرن کە درۆیان لەگەڵدا دەکا و ڕێککەوتنی لێکنەدانی لەگەڵ میری ئێشنونادا هەیە.[20]

---

19 15) *a-li-ma Zi-im-ri-Li-im* 16) *ša a-na a-bu-ti-ku-nu te*$^{!}$*-ši-a-šu-ma i-nu-ma šu-ú i-na* $^{\text{GIŠ}}$*nu-ba-lim ra-ak-bu* 17) *at-tu-nu wa-ar-ki-šu ta-al-la-ka am-mi-nim i-na-an-na la il-li-kam-ma* 18) *la ú-še-zi-ib-ku-nu-ti an-né-e-tim Za-zi-ia a-na Bu-nu-eš*$_4$*-tár* $^{m}$*›a-ad-nu-ra-bi* 19) $^{m}$[LU]GAL*-ki-ma-ka-li-ma Zi-im-ri-ia ù* LUGAL.MEŠ *i-ta-wu-ú*, Kupper, J.-R., "Une lettre du Général Yassi-Dagan," *Mari Annales de Recherches Interdiciplinaires (MARI)* 6, Paris, 1990, p. 337; Durand, *LAPO* II, p. 146.

20 20) *ù [šu-nu] a-na #e*$_4$*-em* LÚ *ša-a-tu ú-ul i-qú-ul-lu-ma-tu-ša i-na g[i-mi]-ir-ti li-ib-bi-šu* 21) *i[d-bu-ub-šu-n]u-ši-im-ma i-ka-a%-%a-ar-ši-na-ti ù ir-#ú-pu kar-[%í] be-lí-ia a-na Za-zi-ia a-ka-lam* 22) *ú-[ul i-du-ú] ki-ma i-na bi-ib-la-tim-ma it-ti-šu-nu i-da-ab-b[u-bu] ù it-ti* LÚ *Èš-nun-na†* 23) *sa-[al-mu]*, Kupper, *MARI* 6, p. 337-8; Durand, *LAPO* II, p. 146-7.

پڕکردنەوەی دێڕی ٢١ لەلایەن دیورانەوە کراوە.

زازییا مەبەستەکەی بە باشی پێکا، دڵی هەموویانی لە زیمری–لیم کرمێ کرد و کەلێنی خستە نێوانیانەوە، بەتایبەتی کە باسی نامەیەکی زیمری–لیمی بۆ کردن، بۆ 'قەرنی–لیم'ی پادشای 'ئەنداریگ'[21] ی ناردبوو. ئەم قەرنی–لیمە هاوپەیمانی ئێشنوننا بوو و بە حیساب دوژمنی زیمری–لیم و ئەم پادشا پچووکانەی هاوپەیمانی بوو. لەوەش خراپتر، لەو نامەیەی زیمری–لیمدا باسی شتێکی نهێنیی نێوان زیمری–لیم و قەرنی–لیم کرابوو کە دەبوو ئەم بۆ زیمری–لیمی بکا. کە زازییا ئەمەی بۆ باس کردن، هەموو گڕیان تێچوو و هەستیان کرد ئەو سەروەرەی وا خۆیانی بۆ بەکوشت دەدەن، لەپشتیانەوە لەگەڵ دوژمنیاندا ڕێك دەکەوێ و دەیانفرۆشێ. لەم بارەیەوە یاسسی–داگان جارێکی تر قسەکانی زازییا وەك خۆی دەگوێزێتەوە (وتەکانی نێوان دوو کەوانەی ".....") نووسیویەتی:

**A.) یاسسی–داگان بۆ زیمری–لیم (1025**

((زیمری–لیم چیی لە مێشکدایە؟ پار بۆ ناوەوەی وڵات هەڵگەڕا. پادشایان(ی ناوچەکە) کردیانە باوکی خۆیا ن[22] و سەرکردەیان و ئەویش لەشکری دایە خەدنو–رابی. ئەویش (= واتە خەدنو–رابی) شارەکانی منی گرت، پەلاماری مەڕومالاتەکەمی دا و لە ناوجەرگەی وڵاتەکەمدا قەسابخانەی نایەوە. ئەمجا کابرای ئێشنوننا هات و زیمری–لیم هەڵسا و بەرەو وڵاتی خۆی بەڕێ کەوت. فریاتان نەکەوت. ئێستا ئەوە بۆ دووەم جارە هاتووەتەوە، سوێندی (ڕێککەوتنی) بۆ قەڕنی–لیم و کابرای ئێشنوننا خوارد و بۆ وڵاتی خۆی چووەوە.)) ئەمە لەو شتانەیە کە زازییا پێی وتن و ئەوانی لە سەروەرم تووڕە کرد.[23]

وتەکانی زازییا کاریگەریی تەواویان هەبوو، ئەوەتا یاسسی–داگان لە بەشێکی تری نامەکەیدا دەڵێت:

**A.) یاسسی–داگان بۆ زیمری–لیم (1025**

ئێستا پادشاکان و هەموو وڵاتەکە (لە تووڕەییدا) لە دژی سەروەرم گڕیان گرتووە. بونو–ئێشتاریش هەڵسا و بە زازییای وت: ((زیمری–لیم دەستەبژاردەی هێزەکەی بۆ خۆی هەڵگرتووە و شلوشێواوەکانی بۆ ئێمە ناردووە. (شەڕ) بەوانە (بکەین) تێدا دەچین!))[24]

[21] ئەنداریگ شانشینێکی پچووك بوو لە دەشتاییەکانی باشووری شنگار.

[22] واتە کردیانە سەروەری خۆیان و چوونە ژێر باڵی.

[23] 46) *mi-nu-um an-né-e-ta-an ša Zi-im-ri-Li-im* 47) *iš-ba-tu ša-ad-da-ag-de-em a-na li-i[b]-bi ma-a-tim i-l[e]-i-[m]a* 48) LUGAL.MEŠ *a-na a-bu-ti-šu-nu ù a-lik pa-na il-qú-wu-šu-ma* 49) *%a-ba-am a-na ›a-ad-nu-ra-bi id-di-in a-la-né-e-ia il-qé* 50) UD[U].›Á *iš-‹i-i# ù ka-ma-ri i-na li-ib-bi ma-ti-ia iš*$_x$(=UŠ)*-ta-ak-ka-an* 51) *wa-ar-ka-nu-um* LÚ *Èš-nun-na†* *i-le-e-em-ma it-bé-e-ma* 52) ${}^m$*Zi-im-ri-Li-im a-na ma-ti-šu it-ta-la-ak ú-ul ú-še-zi-ib-ku-nu-ti* 53) *i-na-an-na i-tu-ur i-l[e-e-e]m-ma it-ti Qar-ni-Li-im* 54) *ù* LÚ *Èš-nun-na† ni-iš* AN*-lim ú-za-*<<KA->>*ak-ki-ir-ma a-na ma-ti-šu* 55) *[i]t-ta-la-ak an-né-e-tim ù m[a]-da-tim-ma* 56) *°ša¿* ${}^m$*Za-zi-ia id-bu-bu-ma e-li be-lí-ia ne-m[é]-et-tam ir-šu-ú,* Kupper, *MARI* 6, p. 338; Durand, *LAPO* II, p. 148.

[24] 67) *i-na-an-na* LUGAL.MEŠ *ù ma-a-tum ka-lu-ša e-li be-lí-ia-ma na-an-‹u-*<<ZU>>*-zu* 68) *ù Bu-nu-eš*$_4$*-tár it-bé-e-ma a-na Za-zi-ia ki-a-am i-da-ab-bu-ub* 69) *um-ma-a-mi Zi-im-ri-Li-im %a-ba-šu dam-qa-am ik-la-ma* 70) *%a-ba-am da-al-la-i a-na %e-ri-ni i#-ru-dam-ma it-ti-šu-nu ni-ma-at,* Kupper, *MARI* 6, p. 338; Durand, *LAPO* II, p. 148-9.

دەبینین زازییا لەکاتێکدا خۆی لەگەڵ ئێشنونناندا ڕێك کەوتبوو، لەلای هاوپەیمانەکانی زیمری-لیم خۆی وەك دوژمنی پیشان دەدا و هەموویانی بەگژ زیمری-لیم دا کرد!

زازییا پێوەندییەکی باشی لەگەڵ حەممورابیی پادشای بابلدا کە زلهێزی ئەوکاتەی مێسۆپۆتامیا بوو، دامەزراندبوو. وا دیارە لە ١٧٧٣ یا ١٧٧٤پ.ز.ەوە ئەم پێوەندییەی هەبوە و بە باشی لە ڕاگرتنی هاوتاییی هێزدا بەرامبەر بە هێزەکانی تر بەکاری هێناوە. بۆ نموونە، لە نامەکەی یاسسی-داگاندا ئەوەش هاتووە کە زازییا بە پادشاکانی وتووە ئەگەر پێویست بکا بۆ گەڕاندنەوەی ئێشنوننا بۆ دواوە، ئامادەیە داوای یارمەتیی سەربازی لە حەممورابی بکا. لە نامەیەکی تردا هاتووە کە نێردراوی زازییا لە دەرباری حەممورابیدا لە بابل ئامادە بووە و قسەی کردووە. ئەوی سەرنجیش ڕادەکێشێ ئەوەیە کە پێوەندیی زازییا و حەممورابی، وەك لە نامەکەوە دەر دەکەوێ، پێوەندییەکی هاوتا نەبوە، بەڵکوو زاراوەی باوك-برایان بەکار هێناوە. لەگەڵ ئەمەشدا، بەهۆی ئەوەوە کە زازییا لە باکووری مێسۆپۆتامیا و سوبارتودا گەورەترین هێز بووە، وادیارە جۆرێك دەسترۆییی هەبوە و دەستەڵاتی بەسەر وردە پادشاکانی ئەوێدا شکاوە. بەڵگەی ئەمە لە هەمان ئەو نامەیەدا هاتووە کە باسی باڵیۆزەکەی زازییا دەکا. نامەکە ڕاپۆرتێکە یەکێك لە دارودەستەکانی زیمری-لیم ناردوویە:

**زیمری-ئەددو بۆ زیمری-لیم ( *ARM* 27, 162)**

باڵیۆزێکی توروککی هات و ئەم پەیامەی بۆ حەممورابی (ی بابل) هەبوو: ((کە من وەك کوڕ (ی تۆ) بۆت بنووسم، تەماشا دەکەم بزانم کێ لەنێو پادشایانی وڵاتی شوبارتومدا وەك کوڕ (ی تۆ) بۆت نانووسێ.)) زازییا ئاوای بۆ حەممورابی [نووسیوە].[٢٥]

لە هەشتەمین ساڵی فەرمانڕەواییی زیمری-لیمدا بوو کە عیلامییەکان سوپایەکیان -پاش گرتنی ئێشنوننا- بە فەرماندەییی جەنەراڵێك بە ناوی 'کوننام'ەوە نارد بەرەو باکوور و تا شوبات-ئێنلیل لە ناوچەی خابوور نەوەستان. ئەو ناوچانەیان هەموو گرت. هەرچەندە کوننام هەوڵی دا پێوەندیی باش لەگەڵ زیمری-لیمدا دابمەزرێنێ، بەڵام سەری نەگرت. لەجیاتیی ئەوە، زیمری-لیم هاوپەیمانییەکی لە پادشایانی ناوچەکە و دەوروبەری لە دژی عیلامییەکان پێکەوە نا. دیارە لەم کاتەدا بووە کە پادشای عیلام فەرمانی بە کوننام دا بکەوێتە دانوستان لەگەڵ زازییادا بۆ ئەوەی هاوکارییان بکا. بەپێی ئەوەی وا زۆربەی ئەو خاکەی کە عیلامییەکان گرتبوویان خاکی شانشینەکەی ئیشمێ-داگانی دوژمنی زازییا بوو، وا چاوەڕوان دەکرا زازییا ڕازی بێ، کەچی بە پێچەوانەوە زازییا ئەمەی ڕەت کردەوە و کوننامی بە نائومێدی بەجێ هێشت، بە تەنیا ڕووبەڕووی هاوپەیمانییەکە لە لایەك و پەرتبوونی سوپاکەی لەلایەکی ترەوە ببێتەوە.[٢٦]

[25] 36) DUMU *ši-ip-ri* LÚ *Tu-ru-uk-ku il-li-kam-ma* 37) *a-na ›a-am-mu-ra-bi ki-a-am wu-ú-ur um-ma-a-mi* 38) *iš-tu a-na-ku ma-ru-tam aš-pu-ra-kum a-ga-na i-n[a* LUGAL.MEŠ] 39) *ša ma-a-at Šu-bar-tim ša ma-ru-tam la i-ša-pa-ra-k[um]* 40) *lu-mu-ur an-ni-tam Za-zi-ia a-na ›a-am-mu-ra-bi [iš-pu-ur]*, Birot, M., Correspondance des gouverneurs de Qa##unân, *ARM* 27, Paris, 1993, p. 274; Heimpel, *Letters to the King of Mari*, p. 467.

شوبارتوم هەر هەمان سوبارتو یان سوبارتومە، بەڵام لە دەقە ئەکەدیزمانەکاندا زۆربەی 'س' دەبێتە 'ش.'

[26] سوپاکەی کوننام لە عیلامی و لە ئێشنوننایی پێك هاتبوو، ئەمانە لەناو خۆیاندا تێك چوون و بوونە هۆی پەرتبوونی هێزەکە. بۆ ئەمانە بڕوانە:

Charpin, D., "Les Elamites à Šubat-Enlil," *Fragmenta Historiae Elamicae, Mélanges Offerts à*

نامەیەکی 'یەمصوم' ناوێك بۆ زیمری–لیم ئەمەی باس کردووە:

**یەمصوم بۆ زیمری–لیم (*ARM* 26, 310 = A. 910)**

کوننام بیرەی خواردەوە و بە 'ئیبنی–ئەددو'ی وت: ((سەروەرم (= واتە پادشای عیلام) بۆمی نووسیوە (دەڵێت): 'هەر ئێستا زیمری–لیم لە دژت دەکەوێتە کار و وڵاتەکە دەهەژێنێ. پێوەندی بە توروککییەکانەوە بکە با بێنە پاڵت. پێکەوە لە دژی زیمری–لیم شەڕ بکەن!' ئەو (= واتە کوننام) بۆ توروککییەکانی نووسی، بەڵام بە هانایەوە نەهاتن.))[٢٧]

هۆی ئەم بەهاناوەنەهاتنە هەر دەبێ ئەوە بووبێ کە زازییا لەم کاتەدا زۆر ناوچەی لەو خاکە بەدەستەوە بووبێ کەوا پێشتر خاکی شانشینەکەی ئیشمێ–داگان بوون. هەروەها بوونی عیلامییەکان دەبوە هۆی دابڕانی ناوچەکانی خابوور و ڕۆژئاوای دیجلە لە شانشینەکەی. سەرباری ئەمە، شکاندن و دەرکردنی شڕە لەشکرەکەی ئیشمێ–داگان کە خۆی و شانشینەکەی بەرەو داڕمان دەچوون، زۆر لە دەرکردنی هێزێکی گەورەی وەك عیلام ئاسانتر بوو. لەبەر ئەم هۆیانە زازییا لێ گەڕا کوننام بە ناچاری بەرەو عیلام بکشێتەوە.

قابرای سەربەخۆ کە لەسەرەوە باس کرا، هاوکاریی زازییای دەکرد، نامەیەك ئاماژە بۆ شاڵاوێکی دووقۆڵیی قابرا و توروککییەکان دەکا لە دژی ئیشمێ–داگان (*ARM* 26, 510). ئەمیش نەیتوانی بەتەنیا بەرەنگاری مەترسیی وا ببێتەوە، بۆیە داوای یارمەتیی لە حەممورابی کرد (*ARM* 26, 373). پێناچێ حەممورابی هیچ یارمەتییەکی ئاشورییەکانی دابێ، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە نامەیەکدا (*ARM* 26, 384) باسی گلەیی باڵیۆزەکانی ئیشمێ–داگان لە حەممورابی کراوە، لەوەی وا کاتێك توروککییەکان سێ‌چوار شاری ئەمیان گرتووە، حەممورابی هیچ کۆمەکی نەکردوون. لەبەر ئەم هەڵوێستەیە کە زیمری–لیم قابرای بە دۆستی خۆی زانیوە و سەری لێ داوە. دیارە زیمری–لیم نەریتی بووە بە کەژاوە هاتوچۆی کردووە و هەمیشە چەند کەسێك کاریان هەڵگرتنی کەژاوەکەی بووە. لەو سەردانەیدا لە ڕێی نێوان ئەڕراپخا و کاکموم جەردە و ڕێگریان لێ پەیدا بووە و کەژاوەهەڵگرەکان کوژراون و کەژاوەکەشیان بە تاڵانی براوە یا شکێندراوە:

**ئیدییاتوم بۆ زیمری–لیم (*ARM* 26, 512)**

باڵیۆزێکی سەروەرم لە قابراوە گەیشت و ئەمەی پێ وتم: ((هاوەڵم نییە.)) هەروەها (وتیشی): ((لە نێوان ئەڕراپخوم [و] کاکمومدا پەلاماری یادورانوم و ئەو پیاوانە[یان] دا کە لەگەڵیدا بوون کەژاوەکەیان هەڵدەگرت [و] کوشتیانن. کەژاوەکەشیان [.....].[٢٨]

هەر لەم نامەیەشدا باسی ئەڕراپخا کراوە، بەڵام لەبەر شکاویی نامەکە دیار نییە بابەتەکە چییە. ئەوەندە هەیە لە نامەیەکی تردا (ARM 26, 523) ئاماژگاریی باڵیۆزەکان کراوە لە ڕێی ئەڕراپخاوە بچن بۆ ئێشنوننا بۆ ئەوەی پیاوەکانی

---

*M. J. Steve,* eds. L. De Meyer, H. Gasche and F. Vallat, Paris, 1986, p. 133-4.

[27] Charpin, "Les Elamites…," p. 134, note 34. (l. 22-35).

[28] 5) DUMU *ši-ip-ri-im ša be-lí-ia iš-t[u] Qa-b[a-ra]-at* 6) *ik-šu-dam-ma ki-a-am iq-bé-[e-e]m* 7) *um-ma-a-[m]i a-li-ik i-di-im [ú-ul i-]šu* 8) *ša-ni-tam um-ma-a-mi Ia-du-°ra¿-nam* 9) *ù* LÚ.MEŠ *ša it-ti-šu nu-ba-la-am na-šu-[ú]* 10) *bi-ri-it Ar-ra-ap-‹i-im†* 11) *[ù Ka]-ak-mi-im† iš-‹i-[#ú-šu-nu-ti-ma]* 12) *[i-du]-ku-šu-nu-ti ù nu-ba-[la-am ša na-šu]-ú*, Lafont, B., "La Correspondance d'Iddiyatum," *ARM* 26/2, Paris, 1988, p. 482; Heimpel, p. 396.

ئیشمیٚ-داگان نەیانگرن. ئەمە مانای وایە لەم کاتەدا ئەم شارەش خۆی لە دەستەڵاتی ئاشورییەکان ڕزگار کردبوو.

## پەلهاویشتن بەرەو ڕۆژئاوای دیجلە:

زازییا دەستەڵاتی هەم سیاسی و هەم سەربازیی لە ڕۆژئاوای دیجلەش هەبوو. بۆ نموونە، حەممورابیی[٢٩] پادشای شانشینی 'کوردا' کاتێك یەکێك لە شارەکانی لە لایەن دوژمنەوە گەمارۆ درا و لە دانوستاندا داوای لیٚ کرا شارەکە بەدەستەوە بدا، مەرجی ئەوە بوو ڕەزامەندیی زازییای لەسەر بیٚ (*ARM* 26, 405). بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر، توروککییەکان بە لەشکرێکەوە لە شاری 'قەططارە Qattara' بوون بۆ کۆمەکی 'خەدنو-رابی'ی فەرمانڕەوای و گێڕانەوەی بۆ پۆستی فەرمانڕەوایەتی. ئەم شارە لە ڕۆژئاوای دیجلە بوو لە باشووری شنگار و ئێستا شوێنەوارەکانی لە 'تل الرماح'ن. بەڵام توروککییەکان پاش پێنج ڕۆژ هەواڵیان بۆ هات کە گوتییەکان لە ڕۆژهەڵات پەلاماری قابرا و ناوچەکانی ژێردەستی توروککیەکانیان داوە، بۆیە بە ناچاری قەططارەیان بەجیٚ هێشت و بەرەو وڵات گەڕانەوە. لەوەش خراپتر، ئەوەبوو کە ئیشمیٚ-داگان لەم شاڵاوەدا هاوکاریی گوتییەکانی کردبوو! دوور نییە ئەم کردارە بە پیلانی ئیشمیٚ-داگان نەبوویٚ بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر زازییا. نامەی خەقبا-خەممو بۆ زیمری-لیمی سەروەری زیاترمان پیٚدەڵێت:

**خەقبا-خەممو بۆ زیمری-لیم (A. 649)**

توروککییەکان بۆ کۆمەکی خەدنو-ڕابی هاتن بۆ قەططارە، چونکە وڵاتی قەططارە بە سووربوونەوە داوای دانانەوەی خەدنو-ڕابی-یان دەکرد لەسەر تەختی خۆی. بەڵام لە ڕۆژی پێنجەمدا توروککییەکان دەستیان بە بەجێهێشتنی وڵاتی قەططارە کرد، چونکە هەواڵەکانی دەربارەی گوتییەکان گەیشتن. حەممورابی (ی کوردا)ش کە زۆر نیگەران بوو، ئەمەی پیٚ وتم: ((کە هەستام و کەوتمە ڕیٚ، هەواڵ لە خواروو (ی دیجلە)وە گەیشت، (دەڵێت) 'زازوم'ی پادشای گوتییەکان بە لەشکرەکەیەوە نزیك بوونەتەوە (و) دەستوپێوەندی ئیشمیٚ-داگانیش ڕێنیشاندەریان بوون، گەیشتوونەتە وڵاتی قابرا و شار(ی قابرا)یان گرتووە، (لە لایەکی تریشەوە) ئیشمیٚ-داگان لە بابلەوە گەیشتووەتە ماکیلان، کە ئامانجی بوو، لە ماکیلانیشەوە تەتەرەکانی ئیشمیٚ-داگان بەردەوام بوون تا گەیشتوونەتە ئەتامروم (تا پێی بڵێن) 'من باشم. گەیشتمەوە.')) لەلایەکی ترەوە، توروککییەکان ئەم پەیامەیان بۆ ناردم: ((گوتییەکان هەڕەشەمان لیٚ دەکەن، بەڵیٚ، ئێمە ئێستا خۆمان لە بارێکی لاوازداین. ڕووبەڕووی گوتییەکان بووینەتەوە، ئایا ماڵەکانمان بەجیٚ دەهێڵین؟ گوتییەکان لە ڕاستیدا ئێستا دەگەن. دەبیٚ لەو شوێنانە دەربپەڕێنرێین کە ئێستا لەژێر دەستماندان؟ دەبیٚ بگەینەوە چیاکان؟ دەبیٚ لەویٚ بۆ خاکێك بگەڕێین تا لەسەری بژین؟ ئێوەش، ئایا ئێوەش ماڵەکانتان و شارەکانتان چۆڵ دەکەن و پێشی گوتییەکان چۆڵ دەکەن؟ باش گویٚ بەوە بدەن کە ڕووی دا. لەشکرتان بخەنە تەك (لەشکری) ئێمە تا گوتییەکان دەرپەڕێنین.)) ئەمە ئەوەبوو کە توروککیەکان بۆیان ناردم. بۆیە کە توروککییەکان گوێیان لە مەترسیی جەنگی گوتییەکان بوو، هەڵسان وڵاتی قەططارەیان بەرەو وڵاتی (خۆیان) بەجیٚ هێشت.[٣٠]

---

[29] ئەمە پادشایەکی تر بوو، ئەمیش هەر ناوی حەممورابی بوو، بەڵام پادشای شانشینێکی ئاموری بوو بە ناوی 'کوردا'وە.

[30] 4) [LÚ.ME]Š *Tu-ru-ku-ú a-na ni-i‹-ra-ar* m*[›]a-ad-nu-r[a-bi]* 5) *a-na*

تێبینی دەکرێ تورووککییەکان باسی ئەو ناوچانە دەکەن کە گرتوویانن و لەژێر دەستیاندا بوون و مەترسیی ئەوەیان هەبوە لەدەستیان بدەن و بە ناچاری ڕوو بکەنەوە نیشتیمانی خۆیان. ئەمە ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ فراوانبوونی شانشینی تورووککی بۆ دەرەوەی خاکی نیشتیمانی خۆی، ئەو ناوچە نوێیانەش لە دەشتاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە بوون، لە ناوچەی دەشتی هەولێر و لەوانەیە دەشتی کەرکووکیش، چونکە پەلامارەکەی گوتییەکان بۆ سەر قابرای بەری باکووری زێی پچووک بووە و زۆر پێدەچێ لەنزیک پردێ بووبێ.

زازییا، پاش بەسەرچوونی مەترسیی گوتییەکان، ڕووی کردەوە ڕۆژئاوای دیجلە. لەوێ توانیی هەندێك ناوچە بخاتە ژێر دەستی خۆی؛ بۆ نموونە، شاری 'ئەسنا Asnâ' کە زۆر لە شاری 'نینێت Ninêt'ەوە نزیك بووە، یەکێك بووە لەوانەی وا لە قۆناغێکی زووی ئەم پەلهاوێشتنەدا گیراوە. بە ڕای هەندێك نینێت ناوی نینەوا بووە لەم سەردەمەدا[31] و زازییاش، بەپێی نامەی *ARM* 26, 517 ئەوێی، هەرچەندە نازانرێ بۆ ماوەی چەند، کردبووە بارەگای خۆی. لە هەواڵێکی تردا هاتووە کە لەشکری تورووککو لە دەهەمین ساڵی فەرمانڕەواییی زیمری–لیمدا چوونەتە قووڵاییەوە، تا 'کەڕانا Karanā' لە ناوچەی شنگار چوونەتە پێش. ڕێککەوتننامەیەك لە مانگی دووەمی یازدەهەمین ساڵی زیمری–لیمدا لەنێوان 'ئەتەمروم'ی پادشای 'ئەنداریگ' و 'ئەشکور–ئەددو'ی 'کەڕانا'دا مۆر کرا. ئەمە کارێکی گرنگ بوو کە زۆربەی پادشایان و فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە گەورە و پچووکەکانی مێسۆپۆتامیا یا نوێنەرەکانیانی بۆ بانگهێشت کرا تا لە مۆرکردنەکەیدا ئامادە بن. سەرنجڕاکێشە کە نوێنەری ئیشمێ–داگان بانگ نەکرابوو، بەڵام نوێنەری زازییا لەوێ بوو. دیار بوو ئیتر زازییا بووبووە سەرداری

---

31 بەڵام فرەین (لە وتەیەکی زارەکیدا) ڕای وایە نینێت لە ناوچەی خابوور بووە و نینەوا نییە. ئەمە پێویستیی بە بەڵگەی بەهێز هەیە.

---

*ma-at Qa-#á-ra-a† i‹-‹a-bi-[tu-ma]* 6) *ma-at Qa-#á-ta-a ir-#ú-up du-bu-ba-am* 7) *aš-šum* $^{m}$*›a-ad-nu-ra-bi a-na* $^{GIŠ}$GU.ZA-*šu t[u-ur-ri-im]* 8) UD.5.KAM LÚ.MEŠ *Tu-ru-ku-ú i-na ma-a-at Qa-[ta-ra]-a[†]* 9) *[it-t]a-la-ak-ma #*$e_4$*-em* LÚ.MEŠ *Qú-ti-i im-qú-[ut]* 10) *[*$^{m}$*›a-m]u-ra-bi i-si-ir-ma #*$e_4$*-ma-[am iš-pu-ra-am]* 11) *um-ma-a-mi a-di-ma a-na a-la-[ki-ia e-te-eb-bu]* 12) *#*$e_4$*-mu-um iš-tu ša-ap-la-n[u-um im-qú-ut ki-ma]* 13) $^{m}$*Za-zu-um* LUGAL *Qú-ti-im qa-du-u[m %a-bi-šu i#-‹u-ma]* 14) ÌR.MEŠ *ša Iš-me-fDa-gan pa-n[i]-šu i%-b[a-tu-ma]* 15) *a-na ma-a-at Qa-ba-ra-a† ik-ta-áš-dam i-na [a-lim† wa-ši-ib]* 16) *ù Iš-me-fDa-gan a-na ‹a-da-ni-šu iš-tu* KÀ.DINGIR.RA[†] 17) *a-na Ma-ki-la-an† ik-ta-áš-dam iš-tu Ma-ki-la-an†* 18) DUMU.MEŠ *ši-ip-ri ša Iš-me-fDa-gan a-na %e-er A-tam-ri-im i-te-e[t-qú]* 19) *um-ma-a-mi ša-al-ma-ku ak-ta-áš-dam* 20) *ù* [LÚ].MEŠ *Tu-ru-ku-ú a-na %e-ri-ia iš-pu-ru-nim um-ma-a-m[i]* 21) LÚ.MEŠ *Qú-tu-ú a-na %e-ri-ni pa-nu-šu ša-ak-nu* 22) *an-na ni-nu wu-di ni-°iq¿-ta-li-*$il_5$ 23) *ù i-na pa-ni* LÚ.MEŠ *Qú-t[i]-i °bi¿-ta-ti-ni ni-[zi-i-ib]* 24) *ù i-na-an-na* LÚ.MEŠ *Qú-t[u]-ú i-l[a]-k[u] °i-na¿ °ma-la¿ [šum-šu]* 25) *ša i-na-an-na nu-ka-lu nu-ud-da-pa-ar* KUR *[ni-ka-š]a-ad-ma* 26) *qa-qa-ar na-pí-iš-ti-ni ni-še-°i¿* 27) *[a]t-tu-nu ki-i te-zi-ba-a bi-[t]a-ti-ku-nu ù a-la-n[i]-ku-nu* 28) *°i¿-na pa-ni* LÚ.MEŠ *Qú-ti-i ta-at-ta-la-ka* 29) *[a-n]a an-ni-tim qú-la-ma qa-qa-da-ti-ku-nu šu-te-mi-da-ma* 30) *ša sà-ka-ap* L[Ú].MEŠ *Qú-ti-i °i¿ ni-pu-úš* 31) *an-ni-tam* LÚ.MEŠ *Tu-ru-ku-ú a-na %[e]-er-ia iš-pu-[ra-a]m* 32) *ù* LÚ.MEŠ *Tu-ru-ku-ú tu-ka-am ša* LÚ.MEŠ *Qú-ti-i i[š]-me-ma* 33) *it-bi-ma i-na zu-mu-ur ma-a-at Qa-ta-ra-[a†]* 34) *a-na m[a]-ti-šu it-ta-la-[ak]*, Charpin, D. and J.-M. Durand, "Le nom antique de Tell Rimāh," *RA* 81 (1987), p. 132-3 and 143-4.

بە ڕاستکردنەوە و پڕکردنەوەی شکاویەکانی لە خوێندنەوە بنەڕەتییەکەی دۆساندا هەن. ڕاستکردنەوەی زیاتریش بەپێی دیوران لە:

Durand, *LAPO* II, p. 244-5.

هێزێکی گەورە لە مێسۆپۆتامیادا، حیسابی بۆ دەکرا. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم بانگهێشتکردنە پلانەکانی زازییایان پەك نەخست. لە کۆتاییی هەمان ئەو نامەیەدا کە باسی ئەم ڕێککەوتننامەیە و بانگهێشتکردنی ئەو کەسایەتیانە دەکا، دوا شت کە باسی دەکا پەڕینەوەی هێزەکانی زازییایە لە دیجلە و گەمارۆدانی شاری 'ڕەزاما Razama'یە.[٣٢] هەواڵی ئەوەش هاتووە کە پەلاماری 'ئادێ Adê' و تەنانەت 'ئێکەللاتوم Ekallātum'ی پایتەختی ڕۆژهەڵاتی ئاشورییەکانی داوە. لە نامەیەکی تردا هاتووە کە زازییا سێ جار لە ناوچەی 'ماردامان Mardaman'ی باکووری چیای شنگار سەرکەوتوو بووە:

**ئەپڕییوك بۆ زیمری-لیم (*ARM* 28, 156)**

پێشتر، [زازییا]ی توروککی، چوو [بۆ وڵات]ی ماردامان و [بۆ دووەم جار] سەرکەوتوو بوو، ئەمجا [لە چیا] ئاودیو بوو، بۆ سێیەم جار لە شیشخوم شەڕی کرد و سەر کەوت. ئێستا بەشکوو باوکم (= واتە سەروەرم زیمری-لیم) ئەشکور-ئەددوم بۆ بنێرێ بەڵکوو بتوانین وڵاتەکە ڕزگار بکەین.[٣٣]

شانشینەکەی ئیشمیٚ-داگان لەم کاتە بەدواوە تووشی برسێتی و قاتوقڕییەکی خراپ هات. دەبێ هۆیەکی سەرەکیی ئەمە دەستبەسەرداگرتنی دەشتاییە بەپیتەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە و دەشتاییەکانی خابوور بووبێ کە گرنگترین دوو ناوچەی باکووری مێسۆپۆتامیا بوون کشتوکاڵی دێمییان تێدا دەکرا. ئیتر هەموو ئامانجی ئیشمیٚ-داگان بووبووە هەوڵی پەیداکردنی دانەوێڵە، شاڵاوی دەبردە سەر شار و ئاوەدانیەکانی دەوروبەری شانشینەکەی تەنها بۆ تاڵانکردنی دانەوێڵە و هەندێك جاریش مەڕومالات. تەنانەت جارێك داوای لە دانیشتوانی شارەکەی کرد منداڵەکانیان وەك بەندە بفرۆشن تاوەکوو دانەوێڵەی پێ بکڕن، بەڵام کە بە قسەیان نەکرد، ناچار بوو ٤٠٠ سەربازی لەشکرەکەی بفرۆشێت![٣٤] هەر لەم کاتانەشدا پادشایەکی نوێ هاتە سەر تەختی ئێشنوننا کە ناوی 'صیللی-سین Silli-Sîn' بوو. ئەم هاوپەیمانێتی لەگەڵ حەممورابیی بابلدا مۆر کرد و هاوپەیمانێتییە چەندین ساڵەکەی ئێشنوننای لەگەڵ ئاشورییەکاندا کۆتایی پێ هێنا. بۆیە فەرمانبەرێکی پلەبەرزی نارد بۆ لای ئیشمیٚ-داگان تاوەکوو ئەو یەکە سەربازییە ئێشنوننایییەی کە لەگەڵ سوپاکەی ئیشمێ-داگاندا بوو بۆ کۆمەك، بکێشێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. ئیشمیٚ-داگان لە بارێکی تا بڵێی خراپدا بوو، هەروەك خۆی وتوویەتی هەموو دەوروبەرەکەی بە خوێنی سەری تینوو بوون و بە دوژمن دەورە درابوو، شانشینەکەشی تووشی قاتوقڕی هاتبوو و خەڵکەکەشی قینیان لێی بوو:

**بوقاقوم بۆ زیمری-لیم (*ARM* 26, 491)**

یاسیم-خەمموم نارد بۆ لای خەقبا-خەممو لە کەڕانا و دەربارییەك[٣٥] کە لە ئێکەللاتومەوە بۆ لای ئەشکور-ئەددو هەڵاتووە [.....] یاسیم-خەممو لەنێوان کەڕانا و [....] و هەواڵی ئیشمیٚ-داگانی

[32] بۆ ئەم نامەیە بڕوانە:

Joannès, F., Lettres de Yasîm-El, *ARM* 26/2, Paris, 1988, p. 261; Heimpel, *op. cit.*, p. 345.

[33] 17) *[i-n]a p[a-n]a-nu-um* 18) *[ᵐZa-zi-ia]* LÚ *[T]u-[ru-uk-ku]* 19) *[a-na ma-a-a]t Mar-da-ma-an† il-[l]i-kam-ma* 20) *[ši-ni-šu da]-wi-da-am i-du-u[k]* 21) *[ù* KUR *ib-ba-a]l-ki-it-[m]a a-na li-ib-[b]i Ši-iš₇-‹i-im* 22) *[*G̃IŠ.TUKUL *ša-la]-ši-šu i-[p]u-úš* 23) *[ù da-wi]-dam-ma i-du-uk* 24) *[i-na-an-n]a a-bi Às-qúr-ƒ*[IM *l]i-i#-ru-dam-ma* 25) *ša šu-ul-lum ma-a-tim i ni-pu-úš*, Kupper, J.-R., Lettres royales du temps de Zimri-Lim, *ARM* 28, Paris, 1998, 156, p. 227.

[34] Heimpel, *op. cit.*, p. 142; 390.

[35] دەرباری: ئەو کەسەیە کە لە دەرباری پادشایاندا کار دەکەن.

لیَ پرسی. ئەویش (= واتە دەربارییەکە) ئەمە(ی) پیَ وت: ((ئیَشنوننایی‌یەکان باریان کرد و ئیشمیَ–داگان بە گریانەوە پیَی وتن: 'ولات، هەر هەمووی، قینی لیَمە. چۆن دەبیَ فەرمانده‌یی کویَرەمارێ ک[٣٦] لە ئیَشنوننایی‌یەکانت کردووە و (بۆ ئیَرەت) هیَناوە؟'[٣٧] ئەمجا ئاوەهای بە ئیَشنوننایی‌یەکان وت: ئەو (وتی) 'لەگەلَتاندا دیَم بۆ ئیَشنوننا.' (ئەمجا) لیپیت–سین و ٥٠٠ ئیَشنوننایی‌یەکە لە ئیَکەللاتوم مانەوە، ئیشمیَ–داگانیش هەر بەردەوام بۆ (ڕیَککەوتنی) ئاشتی بۆ زازییا دەنووسیَ و ٨ تالَێنت زیوی وەك دیاری بۆ زازییا ئامادە کردووە و گەمییە بارهەلَگرەکانی بۆ وەرگرتنی جۆ لە کەوالخوم داناوە.))[٣٨]

بۆیە ئیشمیَ–داگان بە ناچاری، بۆ ئاشتی ڕووی کردە دوژمنە سەرسەختەکەی: زازییا. هەرچەندە سیَ مانگیَك پیَشتر زازییا گەماروَی شاریَکی ئیشمیَ–داگانی دابوو و پاش گرتنی سەری فەرمانڕەواکەیی بڕیبوو و بۆ ئیشمیَ–داگانی ناردبوو:

### ئیدییاتوم بۆ زیمری–لیم (*ARM* 26, 511)

ئەمجا کابرای توروککی شارەکەی گەمارۆی دابوو، گرتی. لە سەری پادشاکەیی دا و ناردی بۆ ئیشمیَ–داگان (و وتی): ((ئەمە سەری ئەوەی کە پشت بە تۆ دەبەستیَ.))[٣٩]

زازییا لە یازدەهەمین سالَی فەرمانڕەوایی زیمری–لیمدا ڕیَککەوتنی لەگەلَ ئیشمیَ–داگاندا مۆر کرد، بەلاَم هیچ سوودیَکی بۆ ئەم نەبوو، هیچی وای نەخایاند، هەر لەو نامەیەدا کە باسی ڕیَککەوتنی زازییا و ئیشمیَ–داگان کراوە (*ARM* 26, 526)، هەوالَی شالاَویَکی توندی توروککییەکانیش بۆ سەر ناوچەی ژیَر دەستی ئیشمیَ–داگانیش تۆمار کراوە:

### ئیدییاتوم بۆ زیمری–لیم (*ARM* 26, 526)

'ئیصخارومی تەتەرەکەی ئیَکەللاتوم کە لە کەڕانا گیرابوو، (لەگەلَ) بازرگانە ئاشوریەکان هاتن بۆ لام و ئەمەیان پیَ وتم: ((زازییا ڕیَککەوتنی ئاشتیی لەگەلَ

[36] بە ڕای هایمپیل مەبەست لە کویَرەمار بیَدەستەلاَت و ترسنۆکە. بڕوانە:
Heimpel, *op. cit.*, 389.

[37] ئیشمیَ–داگان بەم قسەیە ڕووی دەمی لە 'لیپیت–سین'ی فەرمانده‌ی ئەو هیَزە ئیَشنوننایی‌یە بوو کە لە ئیَکەللاتوم بوو و شەڕی بۆ ئیشمیَ–داگان دەکرد.

[38] 5) *Ia-si-im-‹a-am-mu-ú* 6) *a-na Ka-ra-na-at† a-na %e-er ›a-aq-ba-‹a-am-mu-ú* 7) *aš-pu-ur-ma* 1 LÚ.GÌR.SIG₅ *ša iš-tu É-kál-la-tim†* 8) *a-na %e-er Aš-kur-f*IM *in-na-bi-tam I[a-si-i]m-‹a-am-mu-ú* 9) *[i-n]a bi-ri-it Ka-ra-n-at† ù* [...........] *im* 10) *[ip$^?$-pa$^?$-l]i$^?$-ìs-su-ma #e₄-ma-°am ša¿ [Iš-me-fDa-ga]n$^?$* 11) *[i-ša-a]l-šu ù ki-a-am id-bu-ub* 12) *[u]m-ma-ami* LÚ *Èš-nun-na†* *ip-#ú-°ur¿* 13) *ù Iš-me-fDa-gan ib-ki-šu-nu-ši-im um-ma šu-ma* 14) *ma-tum ka-lu-°ša¿ it-ti-ia ze-né-et* 15) *ki-i pa-an %é-ri-im ‹u-up-pu-DI-im* LÚ *Èš-nun-na[†]* 16) *ta-a%-ba-tam-ma ú tu-°še¿-le-em ù a-na* LÚ *Èš-nun-[na†]* 17) *ki-a-am iq-bi um-ma šu-ma a-na Èš-nun-na† it-ti-ku-nu-ma* 18) *at-ta-al-la-°ak¿* 5 ME LÚ *Èš-nun-na†* 19) *°ù¿ Li-pí-it-f*EN.ZU *i-na É-kál-la-°tim¿†* 20) *ik-ka-lu-ú ù Iš-me-fDa-gan* 21) *a-na Za-zi-ia a-na sa-li-mi-im* 22) *iš-ta-na-ap-pa-ar* 23) *ù* 8 GÚ KÙ.BABBAR *Iš-me-fDa-gan* 24) *a-na Za-zi-ia a-na šu-bu-lim ú-ki-in* 25) *ù* GIŠ.MÁ.›Á *a-na še-em °le-qé-em¿* 26) *a-na Ka-wa-al-‹i-im† ú-ki-[in]*, Lackenbacher, "Les lettres de Buqâqum," *ARM* 26/2, Paris, 1988, p. 427-9; Heimpel, *Letters…*, p. 388-9.

[39] 56) *ù Tu-ru-u[k]-kum† a-lam ša il-wu-ú i%-ba-at ù* LUGAL-*šu* 57) *°qa¿-qa-as-sú i[k]-ki-is-ma a-na Iš-me-fDa-gan ú-ša-bi-il₅* 58) *[u]m-ma-mi a-nu-um-ma qa-qa-ad mu-ta-ki-li-ka*, Lafont, *ARM* 26/2, p. 480; Heimpel, p. 396.

ئیشمیٚ–داگاندا مۆر کرد. (بتەکانی) خواوەندەکانی ئیشمیٚ–داگان لای زازییا دانراو ن[٤٠] (بە مەبەستی) خواردنی سوێندێکی پیرۆز. گەمیەکانی ئەویش (= هیی ئیشمیٚ–داگان) لە کاوالخوم دەمێننەوە. پاشان، دوای ئەوەی زازییا ڕێککەوتننامەیەکی پتەوی لەگەڵ ئیشمیٚ–داگاندا مۆر کرد، زازییا ٣٠٠٠ سەربازی تا دەم دەروازەی (شاری) ئێکەللاتوم نارد و ١٠٠ سەربازیان کوشت (و) سەد و [....] پیاو و ژنیان بە دیل گرت و ....))[٤١]

مانەوەی گەمیەکانی ئیشمیٚ–داگان لە کاوالخوم کە زۆربەی توێژەرەوەکان بە 'کەلخو'ی پاشتری دەزانن کەوا ئێستا 'نەمرود'ە، بۆ ئەوە بووە بتوانیٚ دانەوێڵە بار بکا و بۆ ئێکەللاتومی بگوێزێتەوە (بڕوانە نامەی *ARM* 26/2, 491). ئەمەش یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم ڕێککەوتنە بوو.

## خاڵی وەرچەخان:

بەڵام زازییا ڕێککەوتنی لەگەڵ گوتییەکان پیٚ باشتر بوو، ئەوەبوو ڕێککەوتنێکی لەگەڵ 'زازوم'ی پادشای گوتییەکاندا مۆر کرد. بۆ ئەوەی ئەم ڕێککەوتنەیان سەر بگریٚ و بەردەوام بیٚ، دوو کوڕی خۆیی برد و بە بارمتە لای گوتییەکان دایناان، جگە لەمەش، پادشای سیموررووم کە پێشتر لای گوتییەکان دیل بوو و هەڵاتبوو بۆ لای تورووککییەکان، زازییا ئەویشی بردەوە و وەك دیاریی دەستی پێشکەشی گوتییەکانی کردەوە. ئەمە لە نامەیەکدا هاتووە کە دەڵێت:

**بوقاقوم بۆ زیمری–لیم (*ARM* 26, 491)**

زازییا کوڕەکانیی برد و بە بارمتە لای 'زازوم'ی گوتی دایناان. هەروەها شت(ی) بۆ برد. پادشای شیموررووم، کە پێشتر لەلای 'زازوم'ی گوتی بوو و (ئەمجا) بۆ لای زازییا هەڵاتبوو، زازییا دایەوە بە 'زازوم'ی گوتی.[٤٢]

دەشیٚ ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ گوتییەکاندا بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی تورووککیەکان و بنیاتنانی شانشینەکەیاندا بژمێرین، چونکە ئیتر تەنها لەمەوپاش زازییا لە پشتی خۆی بیٚخەم بوو و توانیی هەموو توانایی و هێزی بەتەواوی بۆ بەرەی ڕۆژئاوا تەرخان بکا، بەبیٚ ئەوەی ترسی لە پەلامارێکی لە پشتەوەی گوتی هەبیٚ. ئەمجا ئیشمیٚ–داگانیش فرسەتی ئەوەی نەما گوتییەکان لە دژی تورووککیەکان بەکار بهێنیٚ. سەرباری ئەمە، زازییا بەم جۆرە بە هاوپەیمانێتییەك لە خۆی و گوتییەکان و شانشینی کوردا لەوبەری دیجلەوە گەمارۆی ئیشمیٚ–داگانی دا. کوردا پاش ڕەزاما دووەم هاوپەیمانی ئیشمیٚ–داگان بوو کە زازییا لە ئیشمیٚ–داگانی دابڕین.

[40] ئەمە کردارێکە بۆ توندوتۆڵکردنی ڕێککەوتنەکە کراوە.

[41] 3) ᵐ*I%-‹a-rum* DUMU *ši-ip-ri-im ša i-na Ka-[r]a-na-a† ik-ka-lu-ú* 4) LÚ *É-kál-la-ta<-yu>†* *ù* LÚ DAM.GÀ[R].MEŠ *Aš-šu-ru-ú†* 5) *il-li-ku-nim-ma ki-a-am id-bu- °bu-nim¿* 6) *um-ma-a-mi Za-zi-[i]a* 7) *i-na ru-te-e it-ti [Iš-me-ƒ]Da-gan ìs-sa-li-im* 8) *ù* DINGIR.M[EŠ *š]a Iš-me-ƒDa-gan it-ti Za-zi-ia* <<X X>> 9) *a-na ni-iš* DINGIR-*lim za-ka-ri-im wa-aš-bu* 10) *ù* G̃IŠ.MÁ.›Á-*šu i-na Ka-wa-al-‹i-im†* 11) *iz-za-az-za wa-ar-ka-nu-um* 12) *iš-tu Za-zi-ia Iš-me-ƒDa-gan* 13) *ú-ra-at-tu-ú* <<x>> 3 *li-mi %a-ba-am* 14) ᵐ*Za-zi-ia a-di* KÁ *É-kál-la-tim†* 15) *[i]#-ru-ud-ma* 1? ME *%a-ba-am i-du-uk* 16) [x? +] 1 ME LÚ.MEŠ MÍ.MEŠ *ša-al-la-tam*, Lafont, *ARM* 26/2, p. 503; Heimpel, p. 403.

[42] 27) ᵐ*Za-zi-ia* DUMU.MEŠ-*šu il-qú-ma a-na Za-zi-[i]m* 28) *Qú-ti-im† a-na ia-lu-te ú-ša-ri* 29) *ù bi-la-as-sú iš-ši* LUGAL *ša Ši-mu-ur-ri-im†* 30) *ša pa-na-nu-um ma-‹a-ar Za-zi-im Qú-ti-im†* 31) *úš- °ba-ma¿ a-na %e-er Za-zi-ia in-na-bi-tam* 32) ᵐ*Za-zi-ia a-na Za-zi-im Qú-ti-im†* 33) *it-ta-di-in-šu*, Lackenbacher, *ARM* 26/2, p. 427-9; Heimpel, *op. cit.*, p. 389.

دوو نامەی تر پیشانی دەدەن زازییا لە ڕۆژئاوای دیجلە چەند دەستڕۆیشتوو بووە و باکی بە هیچ شتێك و هیچ کەسێك نەبوە. لەوانەدا هاتووە کە ئەشکور-ئەددو نێردراوی بۆ لای زازییا ناردووە تا هەوڵ بدا ئەو مەڕومالاّتەی وا بە تالاّن بردوویەتی، بیانداتەوە؛ وەلاّمی زازییا ئەوە بووە کە ئەوەی وا لەویّ کردوویەتی، لە شوێنی تریش دەیکا.[٤٣] ئیشمیّ-داگانیش هیچی پیّ نەدەکرا و دەستەوەستان وەستابوو. لە نامەیەکدا هاتووە کە توروککییەکان تا دواڕۆژەکانی ئیشمیّ-داگانیش شالاّو و پەلاماریان ڕانەگرتبوو و بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر شارەکانی ژێر دەستی ئیشمیّ-داگان و نووسەری نامەکە دەڵێت ((کەس نەبوو لە ڕوویاندا ڕابوەستیّ.))[٤٤] هەمان ئەم نامەیە وێنەیەکی ڕاستەقینە و پڕ واتای دواڕۆژەکانی ئیشمیّ-داگانی کێشاوە و پیشانی دەدا تەنانەت ڕێزیشی لەناو خەڵکدا نەمابوو. دەڵێت:

**ئیدییاتوم بۆ زیمری-لیم (*ARM* 26, 519)**

**ئیشمیّ-داگان بەم شێوەیە بۆ ساپخاییەکان دووا: ((چۆنە لەناو هەموو (ئەو خەڵکە)دا ئەشکور-ئەددوی گرگن فەرماندەییتان دەکا؟!)) ئەوانیش وەلاّمیان دایەوە: ((ئەی شەلە، تۆ فەرماندەییمان بکەی؟!)) ئەو دوو کەسەی کە بەم وتانە وەلاّمیان دایەوە، ماڵەکانی سووتاندن.[٤٥]**

<u>**پاش ئیشمیّ-داگان:**</u>

کەمێك پاش ئەم ڕووداوانە، لە دوازدەهەمین ساڵی فەرمانڕەواییی زیمری-لیمدا ئیشمیّ-داگان پەنای بردە بەر بابل و لەویّ نیشتەجیّ بوو. لەوێش زۆری نەبرد مرد. پاش مردنی ئیشمیّ-داگان، هاوپەیمانێتیی زازییا لەگەڵ حەممورابیی 'کوردا'دا بەردەوام بوو، ئەمجا بوونە هاوپەیمانێتییەکی گەورەتر کە 'زیمرییا'ی شانشینی 'زوڕا' (یا: شوڕا) و لەوانیش گرنگتر حەممورابیی بابلیشی تێدا بوون. دەستی زازییا زیاتر کرایەوە بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوەکەی. لە نامەیەکی گرنگی ترەوە دەر دەکەویّ کە دەستەڵاتی دەشتاییەکانی کەرکووك و خوار کەرکووکیشی گرتەوە و تا شیتیللوم، کە لە تکریتی ئێستا بووە، هەمووی بووەتە قەڵەمڕەوی زازییا و بەشێك لە شانشینەکەی. بەڵام مێپتوم ناوێك هەبوو، گەورەی لەوەڕگا و شوانکارەکانی سوخوم و پیاوی زیمری-لیم بوو، نێردراوەکانی زازییای بۆ بابل دەگرت. نامەکە ئەمە دەڵێت:

**زازییا بۆ مێپتوم (*ARM* 28, 179)**

**تۆ و سەروەت (= واتە زیمری-لیم)، بەردەوام کاری نابەجیّ بەرامبەر بە من دەکەن. ئێوە ئەو نێردراوانەی منتان گرتووە کە بۆ بابلیان دەنێرم. ئێستا ئەوەتەی دەشتەکەم لەژێر دەستدایە، ڕێگای بابل بە ئەوپڕاپخا کراوەیە.[٤٦]**

[43] بڕوانە نامەکانی ARM 26, 339 و ARM 26, 340 لە: Charpin, D., "Les représentants de Mari à Ilân-%urâ," *ARM* 26/2, p. 110; 111; Heimpel, *op. cit.*, p. 308.

[44] Lafont, *ARM* 26/2, p. 492; Heimpel, p. 399.

[45] 8) $^{m}$<<x>> *Iš-me-fDa-gan a-na Sa-ap-‹a-it† 9) ki-a-am iq-bi um-ma-a-[mi]* 10) *ki-i Aš-kur-f*IM *%é-[e]‹-rum* 11) *a-nu-um-mu-um i-ša-pa-ar-ku-nu-ti* 12) *ù šu-nu ki-a-am i-pu-lu-šu* 13) *um-ma šu-nu-ma* 14) *at-ta-a* LÚ *‹u-um-mu-rum* 15) *ta-ša-ap-pa-ar-né-t[i]* 16) 2 LÚ.MEŠ *ša a-wa-tam an-ni-tam i-pu-lu-šu* 17) *ma-às-ka-an-šu-nu i-ša-tam id-di*, Lafont, *ARM* 26/2, p. 491-2; Heimpel, p. 399.

[46] ) *be-el-ka ù at-ta le-em-ni-iš* 8) *t[a]-ar-#ú-ba e-te-ep-pu-ša-am* 9) DU[MU.MEŠ *ši-ip-ri-i]a [š]a °a¿-[n]a* [K]Á.DINGIR.RA$^{k}$-[$^{i}$] 10) *a-ša-a[p-p]a-ru ta-ak-ta-la* 11) *i-na-an-na* KASKAL *ša a-na* KÁ.DINGIR.RA† *i-la-ku* 12) *a-na Ar-ra-ap-‹i-im† it-te-ep-te* 13) *iš-tu-ma ka-%a-am i-na i-ni-ia* 14) *a-ma-ru*, Kupper, Lettres royales du temps de Zimri-Lim, *ARM* 28, p. 260-1; Durand, J.-M., Peuplement et sociétés à l'époque amorrite. (I) les clans bensim'alites, *Amurru III,* Nomades et sédentaires

پێدەچێ پاش ڕمانی شانشینەکەی ئیشمیٚ–داگان و گرتنی ئێشنوننا لەلایەن حەممورابیی بابلەوە، هەروەك چۆن زازییا دەستی کرایەوە بۆ فراوانبوون، بە هەمان شێوە ڕێی بۆ هەندێك لە هۆزە کۆچەری و بیابانگەڕەکانی ناوچەی ناوەڕاستی فوراتیش خۆش کردبێ لە ناوچەکانی تکریت و خوارترەوە لە دیجلە بپەڕنەوە. بۆیە –بە ڕای دیوران– ئەمانە بوونە هۆی دروستکردنی نارەحەتی بۆ هەردوو شانشینی هاوپەیمانی بابل و توروککو.[٤٧]

بابل لە ٣٤هەمین سالّی فەرمانڕەواییی حەممورابیدا شاری ماریی گرت و کۆتاییی بە شانشینەکەی هێنا. مێسۆپۆتامیا بەم شێوەیە، جگە لە شانشینەکەی حەممورابی کە بابل بوو، هیچ هێزێکی تری تێدا نەما. حەممورابی پێشتر ئیسن و لارسا (ئەمیان لە ٣٠هەمین سالّی فەرمانڕەواییەکەیدا = ١٧٦٣ پ.ز.) و ئێشنوننا (لە ٣١هەمین سالّیدا)ی گرتبوو و خستبوونیە ژێر دەستەلاّتی خۆیەوە. هەر ماری مابوو، ئەویشی لەو سالّەدا بە دەردی ئەوانی تر برد. ئەمە –لەلایەکەوە– بۆ زازییا و شانشینی توروککو باش بوو، لەوەدا کە چەقی هێزەکانی ماری و ئێکەللاتوم و ئێشنوننای لە باکوورەوە گواستەوە بۆ دوور لەو، بۆ بابل. بەلاّم –لەلایەکی ترەوە– ئەو هاوسەنگییەی جاران نەما و هاوکێشە سیاسییەکە گۆڕا. نەمانی ئەو هێزانە لەنێوان بابل و توروککودا هەردوکیانی هاوسنوور کرد. حەممورابیش کە بووبووە تاکە هێزی زەبەلاح و هیچ لە هێزەکانی تر بەرگەیان نەگرتبوو، دەبێ توروککویشی وەك ئەوان ببینیبێ و تەماعی ئەوەی هەبووبێ ئەویش داگیر بکا، بەتایبەتی کە شانشینی توروککی زەوی‌وزارێکی کشتوکالّیی زۆر بەپیتی لەژێر دەستدا بوو و دەستی بەسەر ئەو ڕێوبانە بازرگانییە گرنگانەدا گرتبوو کە مێسۆپۆتامیا و ئەنەدۆلّ و باکووری سووریایان بەیەك دەگەیاند و لەو سەردەمەدا زۆر گرنگ بوون، چونکە کانزای زۆر پێویست لە ئەنەدۆلّەوە دەهاتن. ئەو کاتە نەریت وابوو هەر سالّێکی حوکمی پادشا ناوێکی لێ دەنرا، ناوەکەیش بریتی بوو لە تۆمارکردنی ڕووداوێکی گرنگ یا دەستکەوتێکی گەورەی شاهانە و دەولّەتی. ٣٤هەمین سالّی فەرمانڕەواییی حەمموورابی ناونرا: ((لە شەڕدا سوپای ماری و مالگیومی بەزاند، ماری و ئاوەدانییەکانیی خستنە ژێر ڕکێفی خۆی. هەروەها شارە زۆروزەبەندەکانی (ولاّتی چیایی)ی شوبارتوم، ئێکەللاتوم، (هەموو) بورونددوم و ولاّتی زەلماقوم، لەسەر ڕۆخی دیجلە تا فورات و وای کرد بە فەرمانی ئەو بە دۆستایەتی دابنیشن.))[٤٨] لەم ڕیزە ناوەدا هیچ ئامارەیەك بۆ سەرزەمینێکی ژێر ڕکێفی زازییا نییە. بە پێچەوانەی هەندێکەوە کە وا دەزانن حەممورابی هەموو ناوچەکەی گرتووە، دیارە کە ئەوەی لەژێر دەستیدا بووە، خاکی نێوان دیجلەو فورات بووە، ئەمەش هەمووی نا، بەلّکوو بە ڕای یەکێك لە گەورە شارەزایان و پسپۆڕانی مێژووی ئەم سەردەمە، دەستەلاّتی لەو خالّە بەرەژوورتر نەڕۆیشتووە کە ڕووباری بالیخی تێدا بە فورات دەگا.[٤٩] ئەمەش ئەو ناوچانەیە کە لە دەرەوەی دەستەلاّتی زازییادا بوون. جگە لەمە، حەممورابی باسی گرتن و خستنە ژێر ڕکێفی ماری و دەوروبەری دەکا، بەلاّم بۆ ئەوانی تر باسی گرتن ناکا، بەلّکوو باسی ئەوە دەکا کە وای کردووە بە ئاشتی و دۆستایەتی دابنیشن، ئەمەش جۆرێك لە گوێڕایەلّیی ئەوان بۆ ئەم دەر دەخا

---

dans le Proche-Orient ancient, ed. Ch. Nicolle, Paris, 2004, p. 145.

[47] Durand, Peuplement et …., p. 145 and 146.

[48] bí.in.gi$_4$.a ug̃nim Ma.rí† *ù* Ma.al.gi† mè.ta bí.íb.šub.bé Ma.rí† *ù* uru.didli† (ma.da kur) Su.bir$_4$† (*É-kál-la-tum†*) (kìlib) Bu.ru.un.da† *ù* ma.da *Za-al-ma-qum†* gú $^{i7}$Idigna en.na $^{i7}$Buranun gú ki.šè mi.ni.gar) du$_{11}$.ga.né ku.li-bi bí.in.tuš xx .. x. x…, Horsnell, M. J. A., *The Year-Names of the First Dynasty of Babylon,* vol. II, The Year-Names Reconstructed and Critically Annotated in Light of their Exemplars, Hamilton, 1999, p. 146-7;

هەروەها بڕوانە:

Charpin, D., Histoire politique du Proche-Orient Amorrite (2002-1595), in: Charpin, D., D. O. Edzard and M. Stol, Mesopotamien, Die altbabylonische Zeit, *OBO* 160/4, ed. by P. Attinger, W. Sallaberger and M. Wäfler, Göttingen, 2004, p. 327.

[49] Charpin, *OBO,* p. 328.

بە حوكمی ئەوەی پادشای زلهێزی ئەوكاتەی مێسۆپۆتامیا بووە.[50]

٣٧هەمین ساڵی حەممورابییش ئەو ساڵەیە كە ((سوپای گوتییەكان و كاكموم و وڵاتی شوبارتومی تێدا شكاندن.)) باسی لەشكركێشی بۆ ئەو وڵاتانە نەكراوە، دەشێ ئەو وڵاتانە هێرشێكی هاوبەشیان بۆ سەر قەڵەمڕەوی بابل ئەنجام دابێ، خۆ ئەگەر حەممورابی هێرشی كردبێتە سەریان، ئەوا هیچ ئاماژەیەكی بۆ داگیركاریی وڵاتەكانیان و مانەوی لەوێ نەكردووە. لە ٣٩هەمین ساڵیشیدا، حەممورابی دیسان شەڕی لەگەڵ شوبارتومدا كردەوە، ئەمجارە باسی لەشكركێشی دەكا. بەڵام دیار نییە چۆن و بۆچی و تا كوێ گەیشتووە. ئەوەندە هەیە كە شوبارتوم لەم سەردەمەدا زیاتر بە چیاكانی (تور عابدین) دەوترا، واتە زیاتر بەلای ڕۆژئاواوە.

بەڵگەیەكی ڕوون و لەگومانبەدەر لەسەر ئەوەی كە حەممورابی هیچ خاكێكی شانشینی توروككوی داگیر نەكردووە و توروككو هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر دەستدا بووە كە پێشتر گرتبوونی و لە دوادواییی‌یەكانی فەرمانڕەواییی حەممورابی‌دا نووسراوە. لە پاشەكیی یاساكەیدا ناوی ٢٦ شاری ڕیز كردووە كە لە قەڵەمڕەویدا بوون و فەرمانڕەواییی كردوون. نینەوای لێ دەر بچێ، هیچ شارێكی تری ڕۆژهەڵاتی دیجلە یا ناوچەكانی قەڵەمڕەوی شانشینەكەی زازییایان تێدا نییە. نینەواش هەندێك ڕایان وایە نسكۆیەكی كورتخایەنی حوكمی توروككیەكان بووە كە بووەتە هۆی كەوتنە دەستی حەممورابی‌یەوە. بەم شێوەیە، دیارە كە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و ناوچەی خابوور لە باكووری سووریا، لەژێر دەستی زازییادا بوون و بەشێكی شانشینی توروككییان پێك هێناوە. بەڵام دەبێ ئەوەیش بڵێین كە پێدەچێ لەشكركێشییەكەی ٣٧هەمین ساڵی حەممورابی كۆتاییی بە پێوەندییە دۆستانەكەی نێوان توروككوم و بابل هێنابێ، چونكە 'توروككوم'یش لەوێدا وەك یەكێك لە ئامانجە سەربازییەكانی لەشكركێشییەكە ناوی هاتووە. بەڵام ئەمە كاری لە هێز و شكۆی شانشینی توروككی نەكرد و وەك خۆی بەردەوام بوو. دەركەوتن و دروستبوونی ئیمپڕاتۆریی میتانی لە دواییدا یەكێكە لە بەرهەمەكانی شانشینی توروككی و بەری ڕەنجی كەسایەتییەكی سیاسی و سەربازیی دیاری وەك زازییا، ئەو زازییایەی كە تا ئێستا لە مێژووی دێرینی كوردستاندا لەچاو ئەو ڕۆڵە مەزنەی وا هەیبووە، جێی خۆی وەر نەگرتووە و سوود لە دەرسەكانی نەبینراون، تەنانەت لای زۆربەی مێژوونووسانیش نەناسراوە، بەڵكوو ئەم نووسینە ببێتە سەرەتایەك بۆ ناسینی و لێكۆڵینەوەی زیاتر و دانانی لە جێی شایستەی خۆیدا.

## دەرسەكانی ئەزموونی شانشینی توروككو:

كە تەماشایەكی سەرلەبەری ئەم ئەزموونە دەكەین، هەندێك خاڵ سەرنج ڕادەكێشن، دەشێ وەك دەرسی مێژوویی تەماشایان بكەین. لەوانە:

١) مەحاڵ بوو شانشینی توروككو بگاتە ئەو ڕادەیەی سەركەوتن و هێز و فراوانی، ئەگەر لەگەڵ گوتییەكاندا ڕێككەوتنی ئاشتیی مۆر نەكردایە و بەرەی پشتەوەی دابین نەكردایە.

٢) لەپاش ڕاپەڕینی توروككییەوە لە دەشتی ڕانیە و بیتوێن، وردە وردە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە كەوتنە دەستی توروككییەكان. لە ناوچەی خابووری باكووری سووریایش، چیاكانی باكووری كەوتنە دەستی توروككییەكان یا خورییەكانی ئەوێ، ئەگەر هەمووییشی نەبووبێ، ئەوا بەشی زۆری. بەم شێوەیە، شانشینی ئاشوورییەكان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە كەوتە نێوان دوو بەرداشی خورییەوە، سەرباری شانشینی ماری لە باشووری ڕۆژئاواوە.

[50] هەرچەندە ستۆڵ فرمانەكە بە خستنە ژێر ڕكێف وەردەگێڕێ، بەڵام پێناچێ ڕاست بێ، چونكە بە ڕوونی نووسراوە ((بە دۆستانە دانیشتن.)) بۆ ئەو ڕایەی ستۆڵ بڕوانە:
Stol, M., *Studies in Old Babylonian History,* Leiden, 1976, p. 38.

٣) دەستبەسەرداگرتنی دەشتی هەولێر و مووسڵ وەك چۆن بۆ ئاشوورییەکان گورزێکی کوشندە بوو، بە هەمان ڕادەش دەستکەوتێکی مەزن بوو بۆ توروککییەکان. لەلایەکەوە دوژمنی برسی کرد، لەلایەکی تریشەوە مەترسیی برسێتی و بێدەرامەتیی لە توروککییەکان و قەوارە سیاسییەکەیان دوور خستەوە. ئەم دەستکەوتە زۆر زیاتریش بوو کاتێك دەشتاییەکانی خابووریشیان هاتە سەر. دەبێ لێرەدا –بۆ بەراورد– ڕووداوەکانی سەرەتا بیر بهێنینەوە کە چۆن گوتییەکان لە سەردەمی پیشێندێن‌دا شانشینی توروککویان برسی کردبوو، بە ناچاری پەنایان بۆ کو–واری لە دەشتی ڕانیە دەهێنا دانەوێڵەیان بۆ بنێرێ.

٤) دەشتەکانی هەولێر و مووسڵ سەرباری داهات و دابینکردنی خۆراك، پانتاییەکی ستراتیجی و گرنگ بوون بۆ جەموجووڵی سەربازی و هاتوچۆ و شوێنی گردبوونەوە و هێزئامادەکردن و شالاوبردن و هەروەها شوێنێك بۆ گەڕانەوە و تێدامۆڵدانی هێز. بوونی پانتاییەکی لەو جۆرە سوودی ئەوەشی هەبوو کە مەترسیی لە چەقی دەستەڵات دوور دەخستەوە. ئەگەر شکستێك ڕووی بدایە، ئەوا لە پێشدا ئەو دەشتاییانە دەکەوتنە مەترسییەوە، نەك نیشتیمانی بنەی توروککو لە ناوچەی ورمێ. ئەمەش کاتێکی بەنرخی دەبەخشییە سەرکردەکانی شانشین تا خۆیان ڕێك بخەنەوە و شکستەکە چاك بکەنەوە و ئەوەی وا لەدەست دەر چوو، بیهێننەوە. بوونی خەتی یەکەم و دووەمی بەرگری لە ستراتیجی سەربازیدا لەڕادەبەدەر بەنرخ بوو.

٥) هاوپەیمانێتی و دوژمنایەتی لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەردا، بە پچووك و گەورەیانەوە، هیچ کاتێك هەمیشەیی نەبوو. زازییا لەوەدا زیرەك بوو کە گیروگرفت و دوودڵی و بەدگومانیی ئەوانی تری بۆ قازانجی خۆی و لە دژی ئەوانی تر بەکار دەهێنا و کە پێویستی دەکرد زیادی دەکرد. لەکاتێکدا کە زیمری–لیم گوایە دۆستێتی، یا هیچ نەبێ دوژمنی نییە و دوژمنێکی هاوبەشیان هەیە، دەبینین لە ژێرەوە کاری لە دژی دەکرد. لەوانەیە بۆ ئەوەی ئەویش ئەوەندە بەهێز نەبێ، سبەینێ –بە نەمانی دوژمنی هاوبەشی هەردوکیان– با بداتەوە سەر ئەم. باشترین نموونە لەسەر ئەمە بەکارهێنانی پادشا پچووکەکانی هاوپەیمانیی زیمری–لیم بوو لە دژی سەروەریان بە چاندنی بەدگومانی و دڕدۆنگی لەلایان، هەروەك لە نامە درێژەکەی یاسسی–داگان‌دا هاتووە. بەستنی هاوپەیمانێتی و بەرپاکردنی دوژمنایەتیش پێوەندییان بە ڕیشە و نەژادی لایەنەکانیشەوە نەبوە. کات هەبوە هەندێك خوری لەگەڵ هەندێك ئاموریدا هاوپەیمان بوون، بۆ نموونە توروککییەکانی سەردەمی پیشێندێن و ئەخازوم، هەندێك خوریش لەگەڵ هەندێك ئاموریدا دوژمن بوون. دوژمنایەتیی ئاموری و ئاموری ئەوەندە زۆر بووە لە باسکردن نایێ. گوتی و خوری (= لێرەدا توروککی) دوژمن بوون، لە کاتێکی تردا هاوپەیمان بوون. پادشای خورییەکانی سیموررووم کە لێی قەوماوە، هەڵاتووە بۆ لای خورییەکانی توروککوم، هەر ئەو خورییەش ڕادەستی گوتییەکانی کردەوە. کاکمییەکان لەگەڵ گوتییەکان‌دا هاوپەیمان بوون و لەگەڵ توروککییەکان‌دا دوژمن، گوتییەکان لەگەڵ ئاشوورییەکان‌دا دۆست و لەگەڵ خورییەکان‌دا دوژمن و بەم شێوەیە. بەڵام –لەگەڵ ئەوەشدا– دیارە کە زۆر لەمانە تاکتیکی کاتی بوون. ستراتیجی درێژخایەنیش هەبوە، لەوەدا کە توروککییەکان هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی وا دەبوایە ئاشوورییەکان (شانشینەکەی شەمشی–ئەدەد و ئیشمێ–داگان) لەناو بەرن و قەوارەیەکی سیاسیی گەورە و سەرتاسەری بنیات بنێن خورییەکانی باکووری سووریا و چیاکانی تۆرۆسیش بگرێتەوە. نموونەیەکی باش هاوکاریکردنی 'ئەدەل–شێنی'ی پادشای بوروندومە لە چیاکانی تور عابدین (کە بەشێکە لە تۆرۆس) لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی توروککییەکاندا. ئەو دوژمنایەتییە دوورودرێژ و توندەی وا گوتییەکان بەرامبەر بە توروککییە خورییەکان هەیانبووە، زۆر دەشێ پێوەندیی بە

فراوانبوون و پەلهاوێشتنی خورییەکانەوە هەبووبێ بەرەو دەشتاییەکانی گەرمیان، بەتایبەتی گاسور کە زۆر پێدەچێ چەقێکی گرنگی گوتییەکان بووبێ، بۆیە گوتییەکان بە هەموو توانایی و هێزیانەوە هەوڵیان داوە بەریان پێ بگرن و بیانگێڕنەوە دواوە. بەڵام کە دەبینین گاسور لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمدا بووە بە شارێکی گەورەی خوری و ناوەکەشی گۆڕاوە بۆ نوزی، بۆمان ڕوون دەبێتەوە ململانێکە لە کۆتاییدا بە قازانجی خورییەکان ساغ بووەتەوە.

٦) ((لە هەرکوێیەك بوار هەبوو، بۆشایی دروست بوو، پڕی بکەرەوە، پاشان دانوستانی لەسەر بکە!)) پێدەچێ ئەمە بنەمای کاری سیاسیی زازییا بووبێ، بە بەڵگەی ئەوەی کە دەبینین، بەبێ حیسابکردن بۆ ئەوەی شوێنێك نیشتیمانی خورییەکانە یا نا، لە یەکەم بواردا کە هێزی لایەنی بەرامبەری لێ نەمابێ، یەکسەر لەشکری بۆ ناردووە و پڕی کردووەتەوە. دەشتاییەکانی کەرکووك و خوار کەرکووك تا دەگاتە تکریتی گرت و لە ڕووی مێیتومدا وەستا. لە بەشێکی تری نامەکەیدا هەڕەشەی ناردنی سوپای کرد بۆ هێشتنەوەی لەدەستیدا، تەنانەت ئامادە بوو خۆی سەرکردایەتیی سوپاکە بکا، ئەگەر نا، ئامادە بوو بە مەڕومالات بیگۆڕێتەوە. کەڕانا ناوچەیەکی خورینشین نەبوو، کەچی دەبینین گەمارۆی داوە. دەبێ زۆر نموونەی تریش هەبن، ئێستا ئاگاداریان نین.

٧) ڕەنگە یەکێك لە پایە بەهێزەکانی شانشینەکەی زازییا ئەوە بووبێ کە وڵاتەکەی بەرهەمهێنی خۆراك بووە. ئەو کاتەی کە لە سەردەمی پیشێندێندا خۆراکی نەبوو، داوای دانەوێڵەی لە کو-واری دەکرد، بە ئاسانی بەرامبەر بە گوتییەکان شکا. ئەو کاتەش کە شانشینەکەی ئیشمیٚ-داگان تووشی قاتوقڕی هات، بە چەند شەڕێکی کەم ڕما، لە هەمان کاتدا، لە سەردەمی زازییادا، هەمان شانشینی تورووککو نەك برسیی نەبوو، بەڵکوو دەیتوانی دانەوێڵە بداتە لایەنێکی دەرەکیی وەك ئیشمیٚ-داگان (بڕوانە سەرەوە).

٨) سەرنجڕاکێشە زازییا ئەو هێزەی کە هەیبووە لە شوێنی خۆیدا بەپێی پێویست و پێبەپێی بەرژەوەندەکانی بەکاری هێناوە و شەرم و دوودڵیی لە بەکارهێنانی نەکردووە. کە ئاوەدانییەکی یەکێك لە لایەنەکانی تری تاڵان کرد و خەڵکیان نارده لای بۆ ڕاوەستان و پێدانەوەی تالانییەکان، وەڵامی ئەوە بوو کە ئەوەی ئەمڕۆ لەوێ کردی، سبەی لە شوێنێکی تریش دەیکا و هەرکوێیەکی بوێ دەچێ. کە ڕێککەوتننامەی ئاشتیی لەگەڵ ئیشمیٚ-داگاندا مۆر کرد، زۆری نەخایاند پەلامارێکی گورچکبڕی ئێکەللاتومی پایتەختەکەیی دا!

٩) دوو ڕاپەڕین لە دەشتی ڕانیە و بیتوێنەوە هەڵگیرساون، هەر یەکەیان لەوێوە بڵێسەی ئاگریان گەیشتووەتە دەرەوەی ناوچەکە بۆ گەورەترین بەشی خاکی کوردستان و هەردوکیان مێژووی کوردستانیان گۆڕیوە! ڕاپەڕینی تورووککی لەسەر دەستی هەردوو لیدایا و زازییا لە سەدەی ١٨ی پ.ز.دا کە ئەنجامەکەی دەرکردنی ئاشوورییە داگیرکەرەکان و دامەزرانی شانشینی تورووککی بوو، ڕاپەڕینی دووەمیش لە ١٩٩١ ی زاینیدا بوو!




لانی کەمی قەڵەمڕەوی شانشینی توروککو لە سەردەمی زازییادا